# لە بارەی پارتی و (لیستی رەشی ئەمریکاوە)!!



هێمن هەورامی

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە میانەی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، لە سەر بانگهێشتی کۆشکی سپی، بڕیار بوو سەرۆک بارزانی لە رۆژی ٢٠١٤/١/٣١ لەگەڵ هەریەک لە باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکاو جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا، کۆببێتەوە. بڕیاری سەرۆک بارزانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سەردانە، دەنگدانەوەیەکی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا. وەک راگەیەندرا، بڕیاری سەرۆک بارزانی لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە بە داخەوە، ئیدارەی ئەمریکا نەیتوانیبوو، وەک ئەوەی پێشتر بەڵێن بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان درابوو، پرسی بوونی ناوی پارتی و یەکێتی، لە (لیستی رەشی ئەمریکا)!! دەربهێنرێت. ئەو بڕیارەی سەرۆک بارزانی پەیامێک بوو بۆ ئیدارەو کۆنگرێسی ئەمریکا، کە چیدی ئەو مامەڵەکردنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان قبوڵ ناکرێت. دواتر خوێندنەوەی جیاواز جیاواز بۆ ئەوە کرا کە (لیستی رەشی ئەمریکا)!! چییە؟ بۆچی پارتی و یەکێتی تێدایە؟ هۆکار چییەو پێوەندی بە چییەوە هەیە؟

لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی ئاماژە بەو(لیستی رەشی ئەمریکا)یە بدەین و زانیاری پێویست بخەینە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز.




USA PATRIOT ACT

لــە دوای ڕووداوەکانــی ١١ی ســێپتەمبەر، ئەمریکا بە زۆرێک لە یاســا و ڕێسا و ڕێوشوێنە ئەمنییەکانی خۆیدا چووەوە. ئامانجیان بەرگرتن بوو لە دووبارە بوونەوەی ١١ی ســێپتەمبەر، لە شــوێن و فۆرمی دیکەو کاتی دیکەدا. لەو ســۆنگەیەوە، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە ٢٦-١٠-٢٠٠١ دا، بە کــۆی دەنگی ٣٥٧ ئەندام بەرامبەر بە دەنگی ٦٦ ئەندام، ڕەشنووسی یاسای USA PATRIOT ACT تێپەڕانــد. دواتر لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، بە کۆی دەنگی ٩٨ ئەندام بەرامبەر بە ١ ئەندام، ئەو یاسایە پەسەند کرا و بەو پێیەش، ئیدارەی جۆرج بۆش، دەستی بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە کرد.

یاســای USA PATRIOT ACT/2001 کورتکــراوەی Uniting and Strengthening America by Providing Appropriate Tools Required to Intercept and Obstruct Terrorists واتــە، یاســای یەکخســتنەوەو بەهێزکردنی ئەمریکا بە دەســتەبەرکردنی ئەو ئامرازانەی کە پێویستە بۆ بەرگرتن و ڕێگرتن لە تیرۆریستان.

بەهۆی ئەو یاســایەوە، ژمارەیەک دامەزراوەو یاســای دیکەی ئەمریکا گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە. لەوانەش، یاسای نیشتمانیی کۆچبەران.

ئیدارەی ئەمریــکا لە ٢٠٠١ـەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، بۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی ڕووداوی ١١ی ســێپتەمبەر، زۆرترین ســـوود لە یاســای Patrio Act وەربگرێت. لەم ڕووەشەوە، وەزارەتێکی نوێیان دروســتکرد بەناوی وەزارەتی ئاسایشی وڵات Homeland Security Department. ئامانجیــان ئەوە بوو، بە هۆی ئەو یاسایەوە، هەماهەنگی زیاتر لە نێوان هەر ١٦ دامەزراوە هەواڵگرییەکەی ئەمریکا دروست بکەن، چونکە گەیشــتبوونە ئەو بڕوایەی، کە قاعیدە توانیبووی ســـوود لە نەبوونــی هەماهەنگی نێوان ئـــەو دامەزراوانە وەربگرێت، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی نیشتمانیی DNI یان دروست کرد. جگە لەوەش هەر بەهۆی یاسای Patriot Act، ڕێوشوێنەکانی ئاسایشی ســنوورەکان، ئاڵوگۆڕی زانیاری توندوتۆڵتر کرا. بە هەموو ڕێوشــوێنەکانی هاتنە نــاوەوەی خەڵکانی دیکەی غەیرە ئەمریکی و پرۆســەی وەرگرتنی ڤیزا کرایەوە. هەموو ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە لە کەیســە جیاجیاکان، پێداچوونەوەی زیاتری بۆکرا. لە بواری بارمەتییە داراییەکان و گواستنەوە و حەواڵەکردن و کۆکردنەوەی، پێداچوونەوەی توندتر کرا. تەنانەت بەهۆی یاســای Patriot Act، ڕێوشــوێنەکانی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی پەلامارە تیرۆریســتییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات.

دواتر، بۆ وردکردنــەوەی زیاتر و جێبەجێکردنی ناوەڕۆک و ڕۆحی یاســای Patriot Act، وەزارەتی ئاسایشی وڵات، گرێبەســتێکی لەگەڵ ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی نیشتمانی لە زانکۆی میریلاند کرد کە ناسراوە بە Center for Excellence of Home Land Security. ئامانجیان ئەوە بوو ئەو ناوەندە، داتابەیسێک دروست بکات، بۆ زانینی ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوە چەکداری و تیرۆریستیانەی کە لە سەرتاسەری جیهاندا هەن. هۆکاری ئەوەش، ئەوە بوو کە لە ناو خودی یاسای Patriot Act تەنها ئاماژە بە ڕێکخراوە تیرۆریســتیەکان و گرووپە چەکــدارەکان کرابوو، بەبێ ناوهێنانی هیچ لایەنێــک. بۆ زانیاری خوێنەرانی بەڕێز، ناوی پارتی و یەکێتی ئەسڵەن لە Patriot Act نەهاتووە.

دواتر، ئەو ناوەندە زانکۆی میریلاند، گرێبەستێک لەگەڵ دامەزراوەیەکی دیکە دەکات کە ناســراوە بە START و کورتکــراوەی National Consortium For Studying Terrorism and Responses for Terrorism دواتــر لە ســەر بنەمای ئەو داتا بەیســەی کە START دروستی دەکات، وەزارەت و ئاسایشــی وڵات و دامەزراوەکانــی پەیوەست بە کۆچبەران و پرۆسەی هاتنە ناوەوە بۆ ئەمریکا و ئاسایشی سنوورەکان و وەرگرتنی ڤیزا ڕێک دەخرێتەوە. لە ســەر ئەو بنەمایە، لە فۆرمی وەرگرتنی ڤیزا، وەزارەتی

دەرەوەی ئەمریکا گۆڕانکاری دەکات و چەندین خاڵی دیکە بۆ وەرگرتنی زانیاری و زانینی باکگراوەندی هەرکەسێک دانا کە داوای وەرگرتنی ڤیزای ئەمریکا بکات، لەوانەش پێش ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ئەو پرسیارە لە سەر فۆرمی ڤیزا وەرگرتن نەبووە کە ئایا، پێشتر ئەندامی هیچ گرووپێکی چەکدار بوویت؟ ئایا پێوەندیت بە هیچ گرووپێکی تیرۆریستی هەبووە؟ ئایا بەشداری هیچ مەشقێکی سەربازیت کردووە؟ بەڵام بەهۆی Patriot Act و رێنماییەکانی وەزارەتی ئاسایشی وڵات، ئەو پرسیارانە بۆ سەر فۆرمی ڤیزای ئەمریکا زیاد کران.

دواتر START، لە سەر ئاستی جیهان لیستێک ئامادە دەکات لە سەر تێکڕای گرووپە تیرۆریستییەکان، کردەوە تیرۆریستییە فەردییەکان، لەگەڵ ئەو هێز و پارت و گرووپە چەکدارانەی کە کارو خەباتی چەکدارییان دژی حکومەتەکانی وڵاتەکانیان کردووە و قوربانی لێکەوتووەتەوە. کاتێک لە سەرچاوەی زانیاری START ورد دەبیتەوە کە چ پێوەرێک هەبووە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، نەیانشاردۆتەوە پشتیان بە زانیاریەکیش بەستووە کە ئەگەر تەنانەت لە یەک سەرچاوەش هاتبێت و تەنانەت بەشێکی زۆری سەرچاوەی زانیارییەکانیان ئەرشیفی رۆژنامەکانی خودی ئەو وڵاتانە بووە.

START لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ٢٠٠٧ یان کردووەتە پێوەر بۆ هەر رێکخراو و دامەزراوەیەک. لە دوای ٢٠٠١، ئەوەی پێوەندی بە عێراقەوە هەبێت، لە ١٩٧٦ تا ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ یان وەرگرتووە و دواتریش چەند زانیاریەکی دیکەی هەڵەیان خستووەتە داتابەیسەکەوە. بەو پێیە، START داتابەیسێک دروست دەکات کە ٨٠٠٠٠ رووداوی تیرۆریستی لەسەر ئاستی جیهان ئەنجامدەرە زانراو و نەزانراوەکان تۆمار دەکەن. لەگەڵ ئەوەش ناوی ٨٠٠ رێکخراو و پارت و گرووپی جیاجیا دەخەنە داتابەیسەکەوە. بەم پێودانگەی START ، ئەم رێکخراوانە بە نموونە خراونەتە لیستە رەشەکەی ئەمریکاوە(رێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی، سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندی IRA، پۆلیساریۆ، پارتی کۆمۆنیستی نیپال، هەردوو بزاوتی FALINTIL، FRETILINی تەیموری رۆژهەڵات، کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا - پارتەکەی ماندێلا..........). لە سەر ئاستی عێراق، بەپێوەری ئەوان، پارتی و یەکێتی و کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی INCی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد چەلەبی دەکەونە ناو لیستی رەشەوە بەو پێیەی گوایە ئەم هێزانە لە دژی حکومەتی عێراقی خەباتی چەکدارییان کردووە. ئەوەی پێوەندی بە پارتی هەبێت، ١٠ رووداویان وەک نموونە وەرگرتووە کە بە هۆیەوە پارتی خراوەتە(لیستی رەشی ئەمریکاوە)!!. ئەو رووداوانەش لە داتابەیسی START بۆ ساڵانی ١٩٧٦، ١٩٨٤، ١٩٨٨، ١٩٨٩، ١٩٩٥، ١٩٩٧ و ٢٠٠٧!! کە لە وردەکاری ئەو رووداوانە دەکۆڵینەوە، ئینجا دەردەکەوێت کە زانیارییەکان چەندە بێ بنەمان. بۆ نموونە لە ٢٠٠٧/٦/١٢ باس لەوە دەکەن کە هێزێکی (چەکداری)!! پارتی لە قەرەتەپە پەلاماری یەکەیەکی سەربازی عێراقی داوەو ٧ سەربازی کوردی عێراقییان کوشتووە!! ئەم رووداوەش ئەگەر وەک نموونەیەک بۆ رووداوەکانی دیکە وەربگرین، دەردەکەوێت کە ئەو بیرۆکراسیەت و پشت بەستن بە زانیاری ناڕاست، ئیدارەی ئەمریکا دەخاتە بەردەم چ هەڵوێستێک. هەموو خەڵکی کوردستان ئاگادارن کە ٧ پێشمەرگەی کوردستان لە قەرەتەپە بە دەستی تیرۆریستان شەهید کراون، بەڵام START ئەو رووداوە دەخاتە ئەستۆی پارتی. لە باسی ساڵەکانی رابردوو داستانەکانی پێشمەرگە بۆ بەرگری لە میللەتەکەمان و رووبەڕووبوونەوەی بەعس و تەعریب و ئەنفال و کیمیاباران، بە ڕووداوی (تیرۆریستی دژ بە حکومەتێکی خاوەن سیادە) دادەنێت و بە هۆیەوە دەمانخەنە ناو لیستەکەیانەوە.

بۆ یەکەم جار ئەم بابەتە لە ساڵی ٢٠٠٤ و دواتر لە ٢٠٠٥ دەرکەوت کە پارتی و یەکێتی لەو لیستەدان. ئەوکات هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان کە لە ١٩٩٦ چوو بووە ئەمریکا و کارتی سەوزی هەبوو وەک وەرگێڕ لەگەڵ یەکەیەکی هێزەکانی ئەمریکا لە رەماددی کاری دەکرد، بۆ تازەکردنەوەی کارتە سەوزەکەی و پرۆسەی هاوسەرگیری لێیان پرسیبوو لە رووی سیاسی لەگەڵ کام پارتی کوردیت، ئەویش بە شانازییەوە وتبووی ئەندامی پارتیم. ئەم بابەتە دەنگیدایەوەو لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست، راپۆرتێکی گرنگی لەسەر بڵاوکرایەوە بۆ رەخنەلێگرتنی ئەو سیستمەو ئەو جۆرە مامەڵەیە.

لە دوای ٢٠٠٤ سەرکردایەتی سیاسی و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەوڵی جددیدا بوون بۆ دەرهێنانی ناوی پارتی و یەکێتی لەو لیستەدا. ئەم بابەتە چەندین جار لەگەڵ ئیدارەی جۆرج بوش و باراک ئۆباما خراوەتە روو. چەندین جار بەڵێنی ئەوەیان دابوو ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ چارەکردنی، چونکە بۆ ئەوانیش ئیحراجییەکی گەورەیە. بەڵێنی ئەوەیان دابوو بە کردنەوەی کونسولگەری لە هەولێر جۆرە چارەسەرییەک بدۆزنەوە، بەڵام بەداخەوە تا بەر لە ٢٠١٤/١/٣١ واتە ئەو رۆژەی کە ئۆباما لەگەڵ جەنابی سەرۆک کۆدەبوویەوە، ئەم بابەتەیان چارە نەکردبوو، بۆیە جەنابی سەرۆک بارزانی ئەو بڕیارەی دا کە سەردانەکەی بۆ ئەمریکا هەڵوەشێنێتەوە تا ئەو کاتەی ئەم پرسە بە یەکجاری چارەسەر دەکرێت.

---

*** بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پ. د. ک**

# بەشە بودجەی هەرێم مافێکی دەستووریی خۆمانە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

هەموو ساڵێك لەگەڵ دەنگدان لەسەر بودجەی عێراق و، داواكردنی بەشی رەوای هەرێمی كوردستان، زۆرێك لە پەرلەمانتارانی عێراق ئاماژە بەوە دەكەن كە كورد زیاد لەبەشـــی خۆی داوا دەكات، یان دەڵێن نەوتی بەســـرە دەنێرینە دەرەوە كەچی كوردســـتان سوودی لێ وەردەگرێت.

لێرەوە دەڵێم پێویستە ئەو پەرلەمانتارانەی عێراق ئەو راستییە بزانن كە بەدرێژایی زیاتر لە حەفتا ساڵ عێراق نەوتی كەركوكی هەناردە كردووەو هەموو عێراقیش لێی سوودمەند بووە.

نەوتی كەركوك بەپێی توێژینەوەیەك كە(د. كازم حەبیب) ئاماژەی بۆ كردووە و دەڵێت:

لەمـــاوەی ســـاڵانی نێوان (١٩٢٧) هەتا (١٩٨٩)دا نزیكەی (٧٣٪)ی نەوتی عێراق لـــە كەركوكەوە هەناردەی دەرەوە كراوەو، (٢٧٪)یشی لە(بەسرە)وە هەناردە كراوە.

هەروەها دەڵێت: لەنێوان ساڵانی (١٩٢٧) هەتا ساڵی(٢٠٠٠) عێراق بە بەهای (٢٥٢) ملیار دۆلار نەوتی فرۆشتووە، لەم بڕە پارەیەش (١٨٥)ملیار دۆلاری لەفرۆشـــتنی نەوتی كەركوكەوە دەست كەوتووە، ئەمەش واتە لەماوەی نێوان ساڵی (١٩٢٧) هەتا ساڵی (٢٠٠٠)، لە(٧٣٪)ی پارەی عێراق لەكەركوكەوە بەدەستهاتووە!!

ئەگەر پەیوەندییە سیاســـییەكانی نێوان عێراق و ســـعودیەش چاك بێتەوە، ئەوسا هێڵی نەوتی (كەركوك – یەنبوعی سعودی) دەخرێتەوە كار كە لەكەركوكەوە بڕی زیاتری نەوت هەناردەی دەرەوە دەكات.

بەپێی زانیارییەكانی (ســـامیر غەزبان)ی سەرۆكی دەستەی راوێژكارانی سەر بەئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، هێڵی (كەركوك – یەنبوعی ســـعودی) لەساڵی (١٩٨٦)دا دروستكرا بەبڕی (٢)ملیار دۆلار لەلایەن هەردوو كۆمپانیای (میتسۆبۆشی)یابان و (ئۆ. تی. ئێف)ی هەنگاری، كەتەواوی پارەكەش لەلایەن عێراقەوە درا.

ئـــەم هێڵە كەدرێژییەكەی نزیكەی (٦٢٦) كیلۆمەترە، (٧) وێســـتگەی پەمپ و پاڵـــان و یەك كۆگای گەورەو بەندەرێكی هەناردەكردنی هەیە لەباكوری شاری (یەنبوع)سعودیە.

هەموو ئەم زانیارییانەش پێمان دەڵێن كە:

یەكەم: تاچەند كەركوك سوودمەند بووە لەم هەموو بڕە نەوتەی لەخاكەكەیەوە هەناردەی جیهان كراوەو دەكرێت؟

دووەم: ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە ئێمەش ئەم راستییە بەو پەرلەمانتارانەی عێراق بڵێین كەهەتا رووخانی رژێم هەر نەوتی كەركوك عێراقی ژیاندووە؟

ئەم پێشەكییەم بۆ ئەوەبوو كە دیارە كەركوك ناوچەیەكی كێشە لەسەرە بەپێی دەستوور، كەواتە واباشترە هەمیشە هەماهەنگیی هەبێت لەبواری نەوتدا لەنێوان حكومەتی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، هەر وەك لەمەسەلە سەربازیی و ئەمنییەكاندا ئەو هەماهەنگییە هەیە، چونكە مەســـەلەكانی ئابووری و سیاسەت لەئەمڕۆدا پێكەوە گرێدراون و، جاران كەسیاسەت ئاراستەی بەجووڵەی ئابووری دەدا، بەڵام ئەمڕۆ ئابووری ئاراستە بەجووڵەی سیاسەت دەدات، كێشەكان لەلای حكومەتەكان زیاد لەپێویست ئاڵۆزتر بوونە كە بۆ ئەمەش چەند هەنگاوێك پێویستن كەبنرێن لەلایەن هەردوو حكومەتی عێراقی فیدڕاڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك بنیاتنانی زەمینەیەكی كراوەو كاریگەری ئابووریی كە ئەڵقەیەك بێت لەزنجیرەی ئابووریی جیهانیداو، پەیڕەوكردنی سیاســـەتێكی دارایی رێكخراو و بەتوانا بۆ رێكردن لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووریی جیهانیداو، رێخۆشكردن بۆ بازاڕێكی دارایی و دراویی هارمۆنیی ئەوتۆ كە هەڵاوســـانەكەی لەژێر كۆنترۆڵدا بێت و، بەدیهێنانی چاكسازیی هەستپێكراو لەتواناكانی بازاڕی كارو، گەشـــەپێدانی ژێرخانێكی بەهێز و بەتوانا بۆ پاڵپشـــتیكردنی گەشـــەی ئابووریی و، گەشـــەپێدانی هێزی كاری خاوەن ئاســـتێكی بەرهەمهێنەری بڵندو، توانادان بە بازاڕی دارایی بۆ ئەوەی ببێتە ســـەرچاوەی دارایی سەرەكیی بۆ پرۆژەو سێكتەرە ئابوورییەكان.

ئێســـتاش وەك زۆرجار گوتوومانە، دەستوور باشترین رێگەیە بۆ ســـەلماندن وجێگیركردنی داواو مافەكانمان، لەهەردوو ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، بۆیە بۆ بیرخستنەوە چاكە ئەو راستییە چەندبارە بكەینەوە كە هەر لە روانگەی دەستوورەوە بەو ناوچانەی دەرەوەی ســـنووری ئێســـتای هەرێمی كوردستان دەگووترێت ناوچە جێناكۆكەكان یان كێشە لەســـەرەكان، ئەمەش بەپێی بڕگەی (دووەم) لەماددەی(١٤٠)ی دەستوور، بۆیە واچاكە هەمیشە لەنێوان حكومەتی عێراقی فیدڕاڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان و كۆمپانیاكانی دەرهێنانی نەوت گفتوگۆی پشت ئەستوور بەدەستوور ئەنجام بدرێت.

لەســـەروبەندی قسەكردنیش لەبارەی بودجەی عێراقیشەوە جێگەی خۆیەتی قبوڵ نەكەین كەس منەتی ئەوەمان بەسەردا بكات كەبودجەی ئێمە لەنەوتی بەســـرەوە دێت و، چۆن دەبێت لە(١٧٪)ی بودجەی عێراق بۆ ئێمە بێت و، چەندین قســـەو قسەڵۆكی لەم شێوەیە.

بۆیە پێویستە ئەوانیش ئەو راستییە بزانن كە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٧) هەتا ساڵی(٢٠٠٠) عێراق بە بەهای (٢٥٢) ملیار دۆلار نەوتی فرۆشـــتووە، لەم بڕە پارەیەش (١٨٥)ملیار دۆلاری لەفرۆشـــتنی نەوتی كەركوكەوە دەست كەوتووە، ئەمەش واتە لەماوەی نێوان ساڵی (١٩٢٧) هەتا ساڵی (٢٠٠٠)، لە(٧٣٪)ی پارەی عێراق لەكەركوكەوە بەدەستهاتووە !!



**دیندار دۆسکی**

وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراق بۆ گوڵان:

# ڕێژەی کورتهێنانی حکومەتی عێراق لە ٣٠٪ تێپەڕی کردووە بۆیە ناتوانرێت خەرجی خانەنشینی و پترۆدۆلار دابین بکرێت

**حکومەتی عێراق نەك هەر لەبواری دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری و خزمەتگوزارییەکان شکستی هێناوە، بەڵکو لە چۆنیەتی داڕشتنی پرۆژەی بودجەش شکستی هێناوە و نەیتوانیوە هاوسەنگیەك دروست بکات، لەمیانەی ئەو پرۆژە یاسایانەی لەپەرلەمان دەردەچن سەبارەت بە گۆڕانکاری لەهەندێك بڕگەدا، هەر بۆ نموونە پەرلەمان یاسای خانەشینی پەسەندکرد، هەروەها ڕێژەی پارەی پترۆدۆلاری لە یەك دۆلارەوە بەرز کردۆتەوە بۆ پێنج دۆلار، بەڵام حکومەتی عێراق بەپێی ئەو پرۆژە بودجەیەی ڕەوانەی پەرلەمانی کردووە ناتوانێت ئەو خەرجیانە دابین بکات، ئەمە بێجگە لەوەی کۆمەڵێك بڕگەی لە بودجە داناوە کە بۆ هەرێمی کوردستان وەك بڕگەی سزادانە، بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکانی پرۆژە بودجەی عێراق و ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی ڕووبەڕووی بوونەوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەڕێز دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** کێشەو گرفتەکانی بودجەی عێراق زۆرن، هەموو لایەنەکان تێبنیان هەیە، بۆیە زۆر لەچاودێران پێیانوایە دەبێت ئەم پرۆژەی بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئایا بەڕێزت وەك وەزیرێکی عێراق چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟**

- لە ڕاستیدا تا ئێستا لە پەرلەمان بڕیار نەدراوە تا بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت، بەڵام تێبینی و سەرنجی زۆر هەیە لەسەر هەندێ شت کە زیادکراوە بە تایبەتی یاسای خانەنشینی و ڕێژەی پارەی پترۆدۆلار کە ناتوانرێت ئەم خەرجیانە هەڵسوڕێنن، ڕۆژی سێشەممە لەسەر ئەم شتانە گفتوگۆکراوە کە حکومەت بەو پارەیەی لەبەردەستێتی ناتوانێت دەستەبەری نەفەقاتی یاسای خانەنشینی بکات، هەروەها ناتوانێت بەرزکردنەوەی پترۆدۆلاریش دەسەبەر بکات، چونکە کورتهێنانەکە زۆر بووە، لە ٣٠٪ تێپەڕی کردووە، بۆ ئەمەش حکومەت لیژنەیەکی پێکهێناوە لە وەزیری دارایی و پلاندانان و چەندین وەزیری تر بۆ پەرەپێدانی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەران، تا بتوانن لەگەڵ یەکتر دابنیشن و پێشی خستنە دەنگدانەوە چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی لە پەرلەمان کراون بارێکی قورسی دارایی لەسەر حکومەت دروست کردووە، حکومەتیش ناتوانێت پارەی پێویستی بۆ فەراهەم بکاتەوەو ئیتر بەم هەموو کورتهێنانە حکومەت و وڵاتەکەش دوچاری گرفتی زۆر دەبنەوە هەر بە ڕاستیش ئێستا ئەم حکومەتە بەرەو قەیران و داڕووخانێکی ئابووری دەڕوات، چونکە نە سیولەی هەیە نە شتی تر وەك وتیشم شاندێکی ڕاسپاردووە تا هەڤپەیڤین بکەن و بگەنە چارەسەرێکی واقیعی بۆ ئەم کێشانە.

*** ئەی سەبارەت بەو سەرنجانەی کە لایەنی کوردستانی لەسەر پرۆژە بودجەکە هەیەتی، ئایا ئەوانە چۆن چارەسەر دەکرێن؟**

- ئەگەر بێینە سەر کێشەکانی لایەنی کوردستانی لەسەر بودجەکە، تا ئێستا مەسەلەی هەناردەکردنی نەوت لە ڕووی یاساییەوە چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوەو ئەو بودجەیەی بۆ هەرێمیش تەرخان دەکرێت پڕی لە خاڵ و بەندی سزادانە، ئەوەیان تێیدا سەپاندووە ئەگەر ڕۆژانە حکومەتی هەرێم

٤٠٠هەزار بەرمیل نەوت نەنێرێتە دەرەوە سزای دەدەن و لە بودجەی کەم دەکەنەوە، لەمەشدا تا ئێستا هیچ شتێك هەموار نەکراوەتەوە. هەربۆیە چارەسەری ئەو کێشانەی پێوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە پێویستە بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ چارەسەر بکرێت، چونکە ئەوە بە دەنگدان لەسەری چارەسەر ناکرێت ئەگەر بە دەنگ لەسەر دانی بێت ئەوان دەنگی زیاتریان هەیە، بۆیە ئەمە پێویستە بە تەوافوقی سیاسی کۆتایی بێت، ئەنجام ئەگەر هەر ڕێکەوتنیشی لەسەر نەکرێت ئەگەری زۆر هەیە کە لە پەرلەمان نیساب تەواو نەبێت و هەر نەخرێتە دەنگدانیشەوە کە کاریگەری خراپی بۆ حکومەت و بۆ هاووڵاتیانیش دەبێت.

*** بەڵام بەشێوەیەك لە شێوەكان سەرۆك وەزیران و ئەوانەی پشتیوانی دەكەن پرۆژەی یاسای بودجە بە شێوەیەك دانراوە كە نارەزایی كۆی لایەنە سیاسی و فركسیۆنەكانی ناو پەرلەمانی لەسەرە، بەم شێوازە مامەڵەكردن لەگەڵ ئابووری وڵاتەكە لەلایەن دەوڵەتی قانوونەوە وەك ئاماژەشت پێیدا پرۆسەی ژێرخانی ئابووری عێراقی تووشی تەنگژەی گەورە هاتووەو ئەگەری تەقینەوەشی هەیە، مامەڵەكردنی سەقەت بە ئابووری وڵات تا چەند پرۆسەی سیاسی لە وڵات تێكدەدات و چەند كار لەسەر ناهەمواركردنی ژیانی خەڵكی هەیە.**

- ئەم جۆرە مامەڵەیە ڕەنگە عێراق تووشی قەیرانێکی ئابووری وەك ئەوەی یۆنان یان وڵاتانی تر کە تووشی قەیرانی دارایی بوون ببێتەوە، ئەم بودجە گەورەیە بە باشی هەڵناسوڕێنرێت و قەیرانی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان و لەگەڵ هەرێمیش دروست کردووە، ئەوەتا کاری کردۆتە سەر ئێرەش پارەی موقاوەلەکان نادرێت، چونکە سیویلە نییە لە بانکەکاندا، لێرە بە نیازبوون بانکی ناوەندی قەرزیان پێ بدات، بەڵام ئەو بانکەش حازر نەبووە قەرزیان بداتێ، بەڵام ئەم دۆخە کە دروست بووە پێویستی بە پلانێکی فریاگوزارییە کەچی لەلایەن سەرۆك وەزیران و ئەوانەی بەرپرسن لەم بوارەدا ئەو پلانەشیان دانەناوە تا لەو تەنگژەیە دەرباز بین. ئەم کێشەیە بەوەزارەتی دارایی چارەسەر ناکرێت لەبەر ئەوەی کێشەکە لە وەزارەتی دارایی گەورەترە، چونکە ئابووری ئابوورییەکی ڕەیعی نییە، بەڵکو تەنیا پشتبەستووە بە پارەی نەوتەوە ئەویش بانکی نێودەوڵەتی هەڵیدەسوڕێنێت، ئەم هەموو نەوتە بە یەك جار ساغ ناکرێتەوەو ئەم هەوڵانە بە گشتی مەترسیشی تێدایەو ئێستاش کە دەڵێن ئەگەر هەرێم لە ڕۆژێکدا ٤٠٠ هەزار بەرمیل ڕەوانەی دەرەوە نەکات سزای لەسەر دەسەپێنین کەچی خۆشیان تا ئێستا نەیانتوانیوە بیگەننە ئەو ڕێژەیەی کە بۆ ناردنەدەرەوەی نەوت بۆ خۆیان دیارییان کردووە، ڕێژەی سێ ملیۆن و چوارسەد هەزار بەرمیل بۆ هەموو عێراق دانراوە کە وەزارەتی نەوت ناتوانێت ڕۆژانە ئەو ڕێژەیە بەرهەم بێنێت، بۆیە تووشی کورتهێنان دێت و تەنگژەی ئابووری لێ دەکەوێتەوە..

*** ئەگەر بەشێوەیەكی گشتی هەڵوەستە لەسەر ئەدای چەند وەزارەتێك بكەین، هەر بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ شكستی هێناوە لە بواری دابینكردنی سەقامگیری و ئاسایشی وڵات هەروەها وەزارەتی نەوتیش شكستی هێناوە لە بەرەوپێشخستنی كەرتی نەوت و دەركردنی یاسای نەوت و گازی فیدرالی، وەزارەتی دارایی پلانێكی باشی پێنەبووە بۆ جێگیركردنی ئابووری وڵات، پلاندانانیش بە هەمان شێوە نەیتوانیوە سەرژمێرییەكی گشتی ئەنجام بدات، ئایا ئەمە بەس نین بۆ سەلماندنی ئەوەی كە ئیدارەكردنی نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی حكومەتی عێراقی شكستی خواردووە؟**

- هەر لە بنەڕەتەوە تا ئێستاش دیاربووە کە ئەم حکومەتە ڕوانینێکی شەفاف و ڕوونی نەبووە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم وڵاتە و نازانرێت لە دوای ئەم هەموو شەڕوماڵوێرانیەی کە پێشتر بەسەر ئەم وڵاتە هات چارەنووس بۆ لەو لێڵیەدایە، ئێستا خۆی بەشەڕێکەوە لە ڕومادیە خەریك کردووەو لەملاوەش لە کێبڕکێدایە لەگەڵ هەمووان بۆ هەڵبژاردنەکەی کە بە ڕێگاوەیە، بەم حاڵەتەوە هیچ توانای ئەوەی نییە ئەم قەیرانە چارەسەر بکات.

*** تا چارەسەری یاسای بودجە دەكرێت و پرۆژەكە پەسەندبوون وەردەگرێت چۆن ئەو بڕە بودجەیەی ڕەوانەی هەرێمی كوردستان دەكرێت مسۆگەر دەبێت، ئێوە وەك نوێنەرانی كورد لە بەغدا چیتان پێیە تا ئەو قەیرانەی لە بەغدا كەوتۆتەوە هەرێمی كوردستان نەگرێتەوە، بۆ نموونە تا بودجە تەسدیق دەكرێت پێویستە مانگانە یەك بۆ دوازدەی بودجەكە ڕەوانەی هەرێمی كوردستان بكرێت؟**

- ئەوە کاری ئێمە نییە بەڵکو کاری هەردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدایە و ئەوەی باوە مانگانە هەر ئەو یەك لەسەر دوازدەیەیە تەرخان دەکرێت، بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچێت حکومەتی ناوەندی ئەوەندە سیولەی نییە تا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە یەکجار بنێرێت، بە شێوەی وەجەبات جار بەجار دەینێرن و ئەمەش دەکەوێتە سەر چۆتنیەتی ڕێکەوتنی نێوان حکومەت و هەرێم، ئێمە وەك وەزیرەکان ئەو دەسەڵاتەمان نییە ئەو بەشە بودجەیەی هەرێمی کوردستان کە دانراوە باسی لێوە بکەین، ئەمە کێشەیەکە پێویستە ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتی دارایی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.


**حكومەت بەو پارەیەی لەبەردەستێتی ناتوانێت دەستەبەری نەفەقاتی یاسای خانەنشینی بكات، هەروەها ناتوانێت بەرزكردنەوەی پترۆدۆلاریش دەسەبەر بكات، چونكە كورتهێنانەكە زۆر بووە**

**تا ئێستا مەسەلەی هەناردەكردنی نەوت لە ڕووی یاساییەوە چارەسەرێكی بۆ نەدۆزراوەتەوەو ئەو بودجەیەی بۆ هەرێمیش تەرخان دەكرێت پڕی لە خاڵ و بەندی سزادانە**



پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام بۆ گوڵان:

# کردنەوەی نووسینگەی یەکێتیی ئەورووپا لە هەولێر جۆرێکە لە شەرعیەتی نێودەوڵەتی و لە رووی پراکتیکییەوە ئاسانکارییە بۆ زۆر پرس




پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام پێشتر سەرۆکی سەنتەری سابان بووە لە ئامۆژگای بەناوبانگی بۆکینگز لە ئەمریکا و لەمیانەی ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٣ یەکێك بووە لەو راوێژپێدەرانەی کە راوێژی بە ئیدارەی یەکەمی جۆرج دەبلیو بوش لەسەر عێراق داوە، ئێستا پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی حەیفا و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی عیراقە لە زانکۆی ناوبراو.


ئەمازیا بارام لە هەشتاکانی سەدەی رابڕدووەوە تایبەتمەندە لەسەر پرسی عیراق و شارەزاییەکی ورد و زۆری لەسەر عێراق و کورد بەتایبەتی هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی پسپۆر و تایبەتمەندیشە لەسەر مێژوو و سیاسەتی رۆژهەڵات، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و رەوشی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و هەولێر و ئەنکەرا، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر بارام ئەنجامداوە.

**گوڵان:** لەم دواییەدا هەموو چاودێرانی سیاسی هەست بە بێتوانایی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن، بەتایبەتیش بێتوانایی ئەمەریکاو ئەورووپا لە ئاست هەڵکشانی دۆخی ناهەمواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زیادبوونی کێشەکانیدا،دیارە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەست بۆ کردنەوەی هەر دەرگایەك دەبات پێی ناکرێتەوە، کردنەوەی دەرگاکان لە لایەن سیاسەتی جیهانییەوە بووەتە کۆسپێك، چۆن ئەم کۆسپانەو چۆن بێتوانایی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستیاندا شرۆڤە دەکەیت؟

**ئامازیا بارام:** بە هێزترین لایەن لە هاوکێشەکەدا وەك خۆتان لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەیەکتان پێدا ئەمەریکایە، ئەم لایەنە خۆی نەیتوانیوە سیاسەتێکی سازێنراو گەڵاڵە بکات، ئەمەش مایەی نیگەرانی زیاترە بۆ دۆخی هەڵایساوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست،بەڵام ئەمەریکاو ئەورووپییەکانیش لە هەوڵدان تا ڕەوتێکی دروست بگرنەبەر، لە ئێستادا هەرچی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن تژییە بە دژیەکی، بە نموونە ئەوەتا زۆر بە لەسەرخۆیی و هەنگاو بە هەنگاو لە هەوڵدان پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا ئاسایی بکەنەوە، ئەم هەوڵەیان لەبەر ئەوەیە تا نەکەونە جەنگەوە لە دژی ئێران، مەبەستیانە ئێران بە هەر نرخێك بوو بێت دەسبەرداری دروستکردنی چەکی ناووکی و بۆمبی ئەتۆمی بێت، بەڵام لە بەرامبەریشدا ئێران بە ڕەوتێکی خاوتر لەوان پڕۆژە ناووکییەکەی پەرە پێدەدات و بەردەوامیشە لەسەر تەواوکردنی، پارادۆکسەکە لێرەدایە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای ئەمەریکاو فەڕەنسا، خەریکن بۆ ئەنجامدانی کاری بازرگانی و بزنس دەچنە ئێران، ئەگەر ئەمەش بکەن واتا باڵادەستی خۆیان لەدەست دەدەن سەبارەت ڕێگەگرتن لە پەرەپێدانی پڕۆژەی ئەتۆمیی بۆ کاروباری سەربازی، ئەوەتا لە کۆنفرانسی ئەمنیی لە میونیخ هەوڵ دەدەرێت ئێران بگەڕێنرێتەوە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئەمەش ئۆتۆماتیکی دەچێتە ئەستێلکی هاریکاریکردنی بەشار ئەسەدەوەو دواتر بەهێزکردنی حزبوڵڵا، چونکە ئێران و بەشارو حزبوڵڵا هاوپەیمانن، بە گێڕانەوەی ئێران بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرچی هەوڵیان دابێت بۆ ڕووخانی بەشار ئەسەد هەڵدەوەشێتەوە، ئەمەیە پارادۆکسەکە ئەمەریکا گفتوگۆ لەگەڵ ئێران دەکات بەمەش پێگەی خۆی لە سووریا لاواز دەکات، واتا پێگەی ئیسرائیل و سعودیەو ئیماراتیش دەلەرزێنێت، لە کاتێکدا ئەمەریکا پشتیوانە بۆ سعودیەو ئیسرائیل تا ئەسەد لە دەسەڵات دوور بخەنەوە، ئەمەیە سەرلێشێواویی ئەمەریکا لە ئاست خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە هاوکاریکردنیی ئێران تورکیاش سەغڵەت دەکات، کە ئێستا تورکیا هاریکاری لایەنەکانی ئۆپۆزیسۆنی سوریا

**ئەمەریکا گفتوگۆ لەگەڵ ئێران دەکات بەمەش پێگەی خۆی لە سوریا لاواز دەکات، واتا پێگەی ئیسرائیل و سعودیەو ئیماراتیش دەلەرزێنێت، لە کاتێکدا ئەمەریکا پشتیوانە بۆ سعودیەو ئیسرائیل تا ئەسەد لە دەسەڵات دوور بخەنەوە، ئەمەیە سەرلێشێواویی ئەمەریکا لە ئاست خۆرهەڵاتی ناوەڕاست**

**ئەمەریکا لە کێشەی سوریادا سەری گلۆڵەی دەزووەکانی لەدەست بەربۆتەوەو ڕێگەیەکی تەندروستی نەدۆزیوەتەوە بۆ مامەڵەکردن لە بەرامبەر سوریادا**



**ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی ئەلقاعیدە لەو شوێنانەی وەک ئەنبارو فەلوجەو سەلاحەدین ناچارە هاوکاری مالیکی بکات، لەبەرئەوەیە کە ئەمەریکا فشار بۆ کورد دەهێنێت تا ئاستی داواکارییەکانی خۆی کە خۆی لە نەوت و خاک و پێشمەرگەو هەندێ مەسەلەی تر دەبینێتەوە لە بەرامبەر بەغدا نەرمی بنوێنێت**

**ئەگەر یەکێتیی ئەوروپا لە برۆکسلەوە ڕاسپێرن لە هەولێر نووسینگە بکەنەوە ئەمە بۆ خۆی جۆرێک لە شەرعییەتی نێودەوڵەتییە، لە رووی پراکتیکیەوە ئاسانکارییە بۆ دابینکردنی زۆر شت، پارەو تەکنەلۆژیا، ڕاستەوخۆ نا بەڵام لە ساتەوەختی خۆیدا، ئەو کاتە چیتر پێویستیتان بەوە نەبێت بۆ هەموو شتێک پشت بە ئەمەریکا ببەستن**

دەکات، واتا هاریکارییەکانی تورکیا لە ڕووخانی بەشاردا سوودی نابێت، کەواتە ئەمەریکا لەم هەوڵەیدا دەبێتە هۆیەك بۆ نارەحەتکردنی تورکیاش، ئەمەریکا لە کێشەی سوریادا سەری گلۆڵەی دەزووەکانی لەدەست بەربۆتەوەو ڕێگەیەکی تەندروستی نەدۆزیوەتەوە بۆ مامەڵەکردن لە بەرامبەر سوریادا..

**گوڵان:** ئەی سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، بەتایبەتی ئێستا عێراقیش لە دۆخیکی خراپدایە، ئایا تا چەند ئەمریکا بە بارودۆخی عێراق نیگەرانە؟

**ئامازیا بارام:** ئەمەریکا هەنگاوەکانی چوست کردۆتەوە بۆ پشتیوانی لێکردنی مالیکی، وەك ئاگادارن مالیکی سەردانی ئەمەریکای کردو بڕیارە چەکی تازەی پێبدەن و لەناو ئەو چەکانەشدا هەلیکۆپتەری ئاپاچی هەیە، ئەمەش دیسانەوە پارادۆکسێکی ترە، لە کاتێکدا ئەمەریکا دژایەتی کورد ناکات، بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی، کەچی لەملاوەش پشتیوانی مالیکی دەکات تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی کوردیش بووبێت یان لەسەر حیسابی عەرەبی سوننەش بوو بێت لە سەلاحەدین و ئەنبار، کەس نازانێت دەقاودەق هۆکاری چییە بە تەواوەتی پشتیوانی مالیکی دەکات، ڕەنگبێت لەبەر نیگەرانی ئەمەریکا بێت سەبارەت بە هاتنەسەر هێڵی ئەلقاعیدە لە ناوچەکانی فەلوجەو ڕومادی، ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی ئەلقاعیدە لەو شوێنانەی وەك ئەنبارو فەلوجەو سەلاحەدین ناچارە هاوکاری مالیکی بکات، لەبەرئەوەیە کە ئەمەریکا فشار بۆکورد دەهێنێت تا ئاستی داواکارییەکانی خۆی کە خۆی لە نەوت و خاك و پێشمەرگەو هەندێ مەسەلەی تر دەبینێتەوە لە بەرامبەر بەغدا نەرمی بنوێنێت، ئەمە سەر لێ تێکچوونێکی تری ئەمەریکایە کە فشار دەخاتە سەر باشترین دۆستەکانی لە عێراقدا، هانیان دەدات هاوکاریی مالیکی بکەن، ڕاستییەکەی دەبوایە بە پێچەوانەوە فشاری بخستایەتە سەر مالیکی تا سازشی لە بارەی داواکارییەکانی کورد بکردایە، بەڵام لەبەرهەبوونی ئەلقاعیدە لە عێراقدا زیاتر یارمەتی مالیکی دەدەن، چەکی زۆر پێشکەوتووی پێ دەدەن بۆ ئەو مەبەستە، هەرچەندە فشارەکانی کە دەیخەنە سەر کورد بۆ سازش کردن لەگەڵ مالیکی گەورە نین و بۆ ئەوەیانە میانڕەوترو نەرمتر بن لە ئاست مالیکیدا.

**گوڵان:** باشە لەم دۆخە پڕ لە پارادۆکسەدا کورد چۆن هەڵسوکەوت بکات؟ لە کاتێکدا کورد ناتوانێت لەمەسەلەی خاك و پێشمەرگە و وزە نەرمی بەرامبەر بەغدا بنوێنێت؟

**ئامازیا بارام:** یەکەم: هەماهەنگی لەگەڵ تورکیادا بکەن، هەردوولاتان لەم دۆخەدا پێویستیتان بە یەکتری هەیە، بەم شێوەیە هێزێکی زۆرتان دەبێت لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ مالیکیدا،خاڵی دووەم: ئەوەیە ئەگەر بزانن زیان بە پێوەندییەکانتان لەگەڵ تورکیادا ناگات هەوڵ بدەن هاوکاریی کوردی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بکەن بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە سوریادا، کورد لە سوریا پێویستە هەوڵی ئەوە بدەن ئەلقاعیدە دەست نەگرێت بەسەر ناوچە کوردستانیەکانی سوریادا، دەرئەنجام پێویستە هاوکاری کورد بکەن بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی ئەگەرچی بۆ ئەو دەسکەوتەش هێشتا زووە، چونکە لە ئێستادا سوریا لە پشێویەکی نالەباردایە، دیار نییە کێ ئۆتۆنۆمی پێ دەدات، بەڵام گرنگە بۆ داهاتووی خۆتان هاوکارییان بکەن تەنانەت ئەگەر پێویست بە هاوکاری سەربازییش بکات چەکیان پێ بدەن، ئەگەر پارەیان ویست ئەگەرچی پارەتان زۆر نییە بەڵام لە پێدانی پارە پێیان دەست مەگێڕنەوە، ئایدیای گشتی ئەوەیە ناوچەکانی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی کوردا بێت، لەو ناوچانەدا نەوت هەیە، ئەگەرچی زۆر نییە، بۆیە لە داهاتوودا بەم هاوکارییەتان هەردوولاتان قازانج دەکەن، بەڵام لەوەش دڵنیابن ئەم هاوکارییانە بە هەماهەنگی تورکیا بکەن، کە تورکیا نیگەرانیی هەیە سەبارەت بە کوردەکانی ناو باکووری کوردستان کە لە ناو خاکی تورکیادان، تورکیا بکەنە هاوبەشێکی بنەڕەتی لەم هەنگاوانەتان، ئەگەر بشتوانن هەماهەنگی لەگەڵ ئێرانیەکانیش بکەن، گرنگە ئەوەتان لەبەرچاوبێت بەرژەوەندیی خۆتان مەکەنە قوربانی هیچ کەس و لایەنێك.

هەرچی پەیوەست بە مالیکییە هەمووان دەزانن سەرکردەیەکی دیموکراتخواز نییە، بەڵام ئێوەش ناتانەوێت لە دژی بجەنگن، ڕاسپاردەی من بۆ کورد ئەوەیە تا بەهێزبن و پشتیوانیی تەواوی ئەمەریکاش وەربگرن پێویستە هەندێ سازش لەگەڵ مالیکیدا بکەن، پێویستە بۆ داخوازییەکانتان بگەنە ڕێگەچارەیەکی ژیرانە، بەتایبەتی لە بارەی پرسی نەوتەوە تا شێوازێکی مەعقوڵ لە کۆنترۆڵتان هەبێت بەسەر نەوتەوە، لەم مەسەلەیەدا تورکیا هاوکاریتان دەکات تا بگەنە ریککەوتن و تا کاریگەر بن بەسەر مالیکدا، رێککەوتن بۆ ئێوەو بەغداش سوودمەند بێت، ئەگینا دۆخەکە مەترسیدار دەبێت، بێ ئەوەی دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانتان بن دەتوانن لەگەڵ بەغدا رێکبکەون بکەن، چونکە لە ئێستادا ئەمەریکا بۆ شەڕی تیرۆریستانی قاعیدە پشتیوانیی بەغدا دەکات، بەڵام بە شەریکایەتیتان لەگەڵ تورکیادا هێزێکی گەورە دەهێننە ناو ئەم هاوکێشەیەوە، تا بەو ئاڕاستەیە پێکەوە کاربکەن، مالیکیش سازش بکات، هەوڵ مەدەن ڕووبەڕووبوونەوەی یەکجارەکی وتەواوەتی لەگەڵ مالیکی بکەن، ناڵێم جەنگ بەڵکو مالیکی دەتوانێت لە ڕووی ئابوورییەوە کارێ بکات زیان بە



ئێوە بگەیەنێت، ڕەنگە پارەی بەشــە بودجەی کوردستان ڕابگرێت، ئێســتا ئێوە زۆر پێویســتتان پێی هەیە،بۆیە جارێ پێویســتە بە نەرمی بجوولێنەوە، کارێ بکەن هەم تورکیــا و هــەم ئێران و هەم ئەمەریکاش فشــارێك بۆ مالیکی بهێنن تا ئەویش بکەوێتە سازش لەگەڵ ئێوەدا، پێگەی وڵاتەکەتان زۆر ستراتیژییەو پڕی لە نەوتە، بەڵام جارێ زۆر پێویســتیتان بە چارەی بەغدایە، لەم ڕووەوە پێویستە هاوســەنگیی بپارێزن و بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێن کە باشترین دەرئەنجامی دەبێت نەك چارەسەرێك کە زۆرترین دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە.

**گوڵان:** کاریگەرێتیی ئەمەریکا لە عێراق کزبووە،باڵیۆزی ئەمەریــکا لــە عێراقدا خــۆی لە قەرەی کێشــەکان نادات،پرسیارێك لێرەدا دێتە پێشەوە ئایا ئەمەریکا دەستی خۆی لەوە شوشتووە کە عێراقێکی فیدراڵ و دیموکرات بونیاد بنێت و چیتر بایەخ بەم ئامانجەی نادات؟

**ئامازیا بارام:** ئەمەریکا هەمــوو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە عێراقێکــی دیموکــرات ببینێت، بۆ ئەمەش پێویســتە عێراق سیســتمێکی نوێ دابڕێژێت، کێشــەکە لەوەدایە لە هەڵبژاردنەکانی نیســان و دواتریشدا پێویستە پیاوان و ئافرەتان لەســەر بنەمای ئیتنی کــوردو عەرب یان لەســەر بنەمای تائیفیەت دەنگ نەدەن، کە خەڵکی بەم شــێوەیە دەنگ دەدەن تۆ ناتوانیت بۆچوونیان بگۆڕیت، ئەم شــێوازی بیرکردنەوەیە بیست ســاڵێکی پێویستە تا دەڕەوێتەوەو دەگۆڕدرێت،شــیعە زۆرینەن و پێش ئەوەی عێراقی بن خۆیان بە شیعە هەڵدەدەنەوە، سەرۆك وەزیرانیش پێــش ئەوەی عێراقی بێت شــیعە دەبێت، ئەمە مایەی کێشەگەلێکی زۆرە، لە عێراقدا پێویستیت بە سیستمێکی تری جیاواز هەیە، کە تێیدا هەرسێ پێکهاتەی گەورەی وەك شیعەو کوردو سوننە دەسەڵاتیان هاوکوف و یەکسان بێــت، ئەمەریــکا زۆر حەز بە بینینی کوردســتانێکی دیموکرات دەکات و پێی باشــە بڕیارەکانی کورد لەسەر مێزی گفتوگۆ بدرێن،نەك لە ڕێی چەك و ســەربازەوە، ئەمە لە ســەرەتای کارەکانی سەرۆك ئۆبامایە، ڕەنگە ســەرۆکێکی دوای ئەم بێت و بەم شێوەیە نەبێت، بەڵام بەلای ئۆبامەوە ئەلقاعیدە ئامانجە سەرەکییەکەیە چونکە بەڵێنــی جەنگی دژ بە ئەلقاعیدە داوە، لە ســەردەمی ئەودا توانرا ئوسامە بن لادن بکوژرێت، کەواتە بنەڕەتی هەمــوو کارێکی ئەو لەناو بردنی ئەلقاعیدەیەو دواتر لە پێناوی ســەقامگیری و چەسپاندنی دیموکراتیدا بیر لە دیموکراسیەتی عێراق دەکاتەوە، کەواتە ئەولەویەت هەیەو کار لەگەڵ مالیکی دەکات داوای هیچ گۆڕانکارییەك لە سیستمی حوکمڕانیدا ناکات، هەموو خەمی ئەمەریکا هاوکاریکردنی مالیکیە بۆ لەناوبردنی نفووزی ئەلقاعیدە لە عێراقدا لەبەر ئەوە زۆر پشت بە ئەمەریکا مەبەستن،



جێی متمانەپێکردن نییە بۆ فشارهێنانی لەسەر مالیکی تا رەفتارەکانی دیموکراتییی بن.

**گوڵان:** ئەسەد لە سوریا و مالیکی لە عێراق لە هەوڵی زۆردان تا شەڕی تائیفەگەری نێوان شیعەو سوننە بگۆڕێت بۆ شەڕی تیرۆر بۆ ئەوەی شەرعیەت بە شەڕەکە بەو ناوەوە بدەن، بەڵام ئەگەر لە ناوچەکەدا شەڕی سوننەو شیعە بەرپا بێت پێشبینی چ کارەساتێکی گەورەی مرۆیی دەکەن؟

**ئامازیا بارام:** گومانی تێدا نییە بە کارەسات کۆتایی دێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە هەموو بایەخەکان بۆ یەك شتن، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە یان شەڕی قاعیدەیە، ئەمەریکا تەنیا چاوی لەسەر لەناوبردنی ئەلقاعیدەیە، گوێی لەوە نییە شەڕی تائیفەگەری هەڵبگیرسێت، ئەوە بایەخێکی کەمتری هەیە بە لای ئەمەریکاوە، تەنیا بە ئامانجە سەرەکییەکە دەدات کە لەناوبردنی تەواوەتی ئەلقاعیدەیە، هەمووان لەوە تێدەگەن کە چ مەترسیدارە ئەلقاعیدە ئەنبار کۆنترۆڵ بکەن، بۆ کوردیش باش نابێت، قاعیدە کورد بە عەلمانی غەیرە عەرەب دەزانێت، زیانی بۆ کوردیش هەیە، ئەمەریکا نەك لە ڕووی سیاسی بەڵکو بە چەك و جبەخانەش هاوکاری سوپای نیشتمانی سووریا دەکات بۆ هەمان مەبەست تا هانیان بدا بۆ شەڕ لە دژی ئەلقاعیدە کە ئێستا بوونەتە چەندین بزووتنەوەو چەندین گرووپی ڕادیکاڵی ئیسلامی، لەبەرئەوەیە ئەمەریکا کەمتر بایەخ بە ڕووخانی بەشار ئەسەد دەدات، دیسانەوە پارادۆکس لە کاتێکدا دوو ساڵ لەمەوبەر دەیانتوانی هاوکاریی سوپای ئازاد بکەن و نەیانکرد، بەڵام کە قاعیدە لەو وڵاتە بەهێز بوون ئەوجا کەوتنە هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر تۆ ئۆباما بوویتایە ئایا دەتەوێت کێ حوکمی داهاتووی سووریا بکات، لە نێوان ئەسەدو ئەلقاعیدە؟ بێگومان ئەسەد هەڵدەبژێریتەوە، بەهێزبوونی ئەلقاعیدە لە بەرژەوەندیی مانەوەی ئەسەددایە، لە عێراقیشدا کە حکومەت شیعەگەرەو پرۆئێرانییە ئەمە باشیش نییە بۆ ئەمەریکا کەچی ئەمەریکا قبوڵیەتی ئەنبار شیعە کۆنترۆڵی بکات نەك ئەلقاعیدە، ئەگەر چی ئەم ستراتیژەی ئەمەریکا زیان بە کوردو سعودیەو ئەمەریکا خۆیشی دەگەیەنێت، بەڵام ئەولەویەتی ئەمەریکا لەناوبردنی قاعیدەیە.

**گوڵان:** لەعێراقەوە تا یەمەن و لەوێشەوە تا سۆماڵ ناوچەی ئارامن بۆ دنەدان و مۆڵخواردنی تیرۆریستان، ئەم ناوچانە دەوڵەمەندن بە وزە، ئەگەر ئەم ناوچانە بکەونە ژێر هەڕەشەی بەردەوامی تیرۆریستانەوە، ئایا ئەمەریکاو ئەوروپا لەم کاتەدا کە تووشی قەیرانی ئابووری دێنەوە چی دەبێت؟

**ئامازیا بارام:** نیگەرانییە زۆرەکەی ئەمەریکا لێرەدایە کە ئەلقاعیدە دەسترۆیشتووی هەبێت بەسەر وڵاتە بە نەوت



دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەرچی ئەمەریکا نەوتی پێویستی بۆ خۆی هەیە، بەڵام ژاپۆن و ئەورووپییەکان زۆر پێویستیان بە نەوتە، ئەگەر ئەلقاعیدە بالادەست بێت لەو ناوچانەدا دەبێتە کارەساتێکی گەورە بۆ هەمووان، کەواتە ئەوەی ئەمەریکا هەوڵی بۆدەدات بە تایبەتی لە ئەنبارو سوریاشدا بریتییە لە ڕێگریکردن لەوەی ئەلقاعیدە زاڵدەست بێت، بە توانایەکی زۆرەوە هاوکاریی سعودیە دەکات تا ئەلقاعیدە لە سعودیەو وڵاتانی کەنداو دووربخاتەوە، لە بیرتان بێت پێش ساڵی ١٩٩٠ سەدام حوسێن هێندە بەهێز بوو توانی نرخی نەوت لە بازاڕدا کۆنترۆڵ بکات، ئاکامەکەیمان بینی چی بە کوێت کرد، نابێت ئەم سیناریۆیە دووبارە بێتەوە، نابێت ئێرانیش نرخی نەوت و بڕەکەی دیاری بکات بۆ وڵاتانی تری کەنداو، شتێکی سەیرە تەنانەت ئەم مەترسییەش بەو ئاستە ئەمەریکای نیگەران نەکردووە وەك ئەلقاعیدە کردوویەتی، ئەمەریکا هەموو شتێك دەکات تەنیا لەو پێناوەدا قاعیدە دەسەڵات بەسەر هیچ بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەگرێت.

**گوڵان:** لەگەڵ ستراوان ستیڤنسۆنی سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ عێراق گفتوگۆمان ساز کردو ئەو بایەخی بە گەشەکردنی هەرێمی کوردستان دەداو باسی لە بایەخی کردنەوەی نووسینگەیەکی یەکێتیی ئەورووپا لە هەولێر دەکرد ئایا کردنەوەی ئەو نووسینگەیە چ گرنگیی هەیە بۆ خەڵکی کوردستان؟

**ئامازیا بارام:** زۆر گرنگەو هیچ گومانێك لەوەدا نابینم من ئەوەم نەدەزانی کە زۆربەی ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا نووسینگەیان هەبێت لە هەولێر جێی دڵخۆشییە و پێی خۆشحاڵم، بەڵام ئەگەر یەکێتیی ئەورووپا لە برۆکسلەوە ڕاسپێرن تا لە هەولێر نووسینگە بکەنەوە ئەمە بۆ خۆی جۆرێك لە شەرعییەتی نێودەوڵەتییە، لە ڕووی پراکتیکیەوە ئاسانکارییە بۆ دابینکردنی زۆر شت، پارەو تەکنەلۆژیا، ڕاستەوخۆ نا، بەڵام لە ساتەوەختی خۆیدا، ئەو کاتە چیتر پێویستیتان بەوە نابێت بۆ هەموو شتێك پشت بە ئەمەریکا ببەستن.

**گوڵان:** حەزدەکەین لە بەڕێزت بپرسین چۆن دەتوانین لەم کاتەدا ڕای گشتی سەبارەت بە واقیعی هەرێمی کوردستان ئاگادار بکەینەوە، بۆ ئەوەی ببێتە گوشارێك بۆ ئیدارەی ئەمریکا بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بە هەرێمی کوردستان بدات؟

**ئامازیا بارام:** سەردانەکانی بارزانی بۆ ئەمریکا گرنگن، لەسەردانەکانی پێشتری بێجگە لە دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆك و جێگری سەرۆك و بەرپرسانی دیکەی کۆشکی سپی دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامە و ناوەندە ئەکادیمییەکان کردووە و بارودۆخی کوردستانی بۆ ڕوونکردوونەتەوە، ئەمە کاریگەرییەکی باشی هەبووە، توانیویەتی ئەوە بۆ ئەمریکییەکان ڕوون بکاتەوە کە کوردستان بەهێزەو چەقێکی سەقامگیرییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە کورد سکۆلارن و سیستمی دیموکراتییان هەیەو ئەگەرچی هێشتا کێشەگەلێك لە کوردستان هەن، ئەمەریکا پێی خۆشە کە ببیستێت سیستمێکی دیموکراتی هەیەو ئەوەی من بیزانم کوردستان لە هەموو وڵاتانی عەرەبی دیموکراتترە، کەواتە پێویستە ئامازە بدرێت بە دیموکراتییەتی و سەقامگیری هەرێمەکەی، بە زۆرترین چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی ئەمەریکادا، هەروەها لەگەڵ واشنتۆن پۆست و نیۆیۆرك تایمز، کورد دەتوانێت پەیامی خۆی بە ئەمەریکییەکان بگەیەنێت کە کوردیش شەڕی ئەلقاعیدە دەکەن، هەروەها پێیان ڕابگەیەنن کە دۆستایەتیی تورکیا دەکەن و لە دژی نین، بە کورتی لە ڕای گشتی ئەمەریکا بگەیەنن کە کورد چەقی سەقامگیرییە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەواتە دەبێت ئەمەریکا پشتیوانیی لە کورد بکات، ئەوەش ڕابگەیەنن کە کورد نایەوێت لە عێراق جودا ببێتەوەو وەك بەشێك لە ناو عێراقدا دەمێنێتەوە،بەڵام داواکارییەکانی ڕەوان و دیاریکراون، هەروەها پێویستە کورد سکاڵا بکات لەسەر پێنەدانی ڤیزاو ڕای گشتی ئەمەریکای پێ بجووڵێنێت.

**کوردستان لە هەموو وڵاتانی عەرەبی دیموکراتترە،کەواتە پێویستە ئامازە بدرێت بە دیموکراتییەتی و سەقامگیری هەرێمەکەی، بە زۆرترین چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی ئەمەریکادا هەروەها لەگەڵ واشنتۆن پۆست و نیۆیۆرک تایمز کورد دەتوانێت پەیامی خۆی بە ئەمەریکییەکان بگەیەنێت کە کوردیش شەڕی ئەلقاعیدە دەکەن**

**کورد چەقی سەقامگیرییە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەواتە دەبێت ئەمەریکا پشتیوانیی لە کورد بکات، ئەوەش ڕابگەیەنن کە کورد نایەوێت لە عیراق جودا بێتەوەو وەک بەشێک لە ناو عیراقدا دەمێنێتەوە**




# ئاشتی و ئاسایش لە ناو ژینگەی چەکە نەبینراوەکاندا

# سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی لە جیهانی ئەنتەرنێتدا


PASSWORD



**((بەپێی تیۆرەکـــەی داروین، ئەوانەی دەمێننەوە ئەو جۆرانە نین کە زیاتر بیردەکەنەوە، هەروەهـــا بەهێزەکانیش نین، بەڵکو ئەو جۆرەی توانـــای مانەوەی هەیە ئەو جۆرەیە کە توانای ئەوەی هەیە زۆر بە باشی لەگەڵ ئەو ژینگە گۆڕاوە خۆی بگونجێنێت کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئێمەش ئێســـتا بە تەئکید گونجاویـــن لەگەڵ ئەنتەرنێت و تەکنۆلۆژیا و لەراســـتیدا خەریکە دەبێتە بەشێکی جیانەبووەوە لە هەموو شتێکی ژیانی رۆژانەمان، هەروەها بەچەندین رێگای جۆراوجۆر پەنا دەبەین بۆ ئەنتەرنێت، کە ٢٤ ســـەعات، شەو رۆژ کاردەکات و هـــەر حـــەوت رۆژی حەفتەش بەردەوامە، لەئێســـتا مەزندە دەکرێت نزیکەی ٢,٥ ملیار بەشداربووی ئەنتەرێت هەیە کە نزیکەی ٥٠٪ یان تەمەنیان لە خوار ٢٥ ســـاڵەوەیە، هەروەها کۆمەڵێك کاراکتەری دیکەش زۆر بە باشی خۆیان لەگەڵ ئەم ژینگەیە گونجاندووە ئەوانیش بریتین لە: تاوانباران، ســـیخوڕان، مێردمنداڵی چالاك. رۆژانەش لەســـەردێڕی میدیاکان بڵاودەبێتەوە، بەوەی حســـابی بانکیمان رووبەڕووی دزین بۆتەوە، خاوەنداریەتی فیکری رۆشـــنبیران بە شـــێوەیەکی نایاسایی کۆپیکراوە و دزراوە، ژێرخانی ژیاری و ئابووریمان هێرشـــی کراوەتە ســـەر و لەوانەیە لەهەر ساتێکدا لەکار بکەوێت، ئەم نامانە دەگەنە گوێکانمان کە نایبســـتین، سیاســـەتمەدار و خاوەنی کۆمپانیاکان زۆر باســـی ئەم ژینگە شـــڵەژاوە دەکەن، بەڵام کەمن ئەوانەی کە خۆیان لەگەڵ ئەم ژینگە شـــڵەژاوییەی سایبەر ســـکویریتی گونجاندبێ، یان بەرپرسیاریەتی چارەسەرکردنی سایبەر سکویریتی بخەنە سەرشانی خۆیان، زۆر کەمن)).**




**میلیسیا هاتەوەی**
**بەڕێوەبەری کاری هاوبەشی ئاژانسەکانی سایبەر**
**لە ئاژانسی هەواڵگری لەئیدارەی (بوش)دا**

هەتـــا ســـاڵی ٢٠٠٨ ئەمریکا پێی وانەبوو شـــەڕی ئەلکترۆنـــی (cyber warfare) دەتوانێت ئاشـــتی و ئاسایشـــی جیهان بخاتە مەترســـییەوە، بەڵام کاتێك لە ســـاڵی ٢٠٠٨ لـــە رێگەی فـــلاش میمۆرییەکەوە ڤایرۆسێك خرایە یەکێك لە کۆمپیوتەرەکانی فەرماندەی ســـەربازی ئەمریکا لەبنکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ولیام لین جێگری پێشووی وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە ئاداری ٢٠١٠ وتارێکی بڵاو کردۆتەوە بەناونیشانی (بەرگری کردن بە شێوازێکی نوێ - Defending a New Domain)،لەم وتارەدا بە وردی باســـی ناردنی ئـــەو ڤایرۆســـە دەکات کە لەســـاڵی ٢٠٠٨ خرایە ناو کۆمپیوتەری یەکێك لە بنکە ســـەربازییەکانی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، کە ئەو بـــەو جۆرە ئاماژە بە ناردنی ئەو ڤایرۆســـە دەکات، بـــەوەی دەزگایەکی هەواڵگری بیانی دوژمنی ئەمریکا ئەم کارەی کردووە، بـــەڵام نازانرێت ئەو دەزگا هەواڵگرییـــە کام دەوڵەتە، ئەمـــەش مانای ئەوەیە مەترســـی یەکەم لەم شـــەڕە ئەلکترۆنیە ئەوەیە:

١. تۆڕە پێکەوە گرێدراوەکانی کۆمپیوتەر ئەو ڤایرۆسە نابینین کە بە ئازادی بەهەموو تۆڕەکاندا بڵاو دەبێتەوە، ئەمەش مانـــای ئەوەیە ئەو چەکـــەی بەکاردەهێنرێت نابینرێت.

٢. لەم شەڕەدا ئەم چەکە (واتە ڤایرۆسەکە) بە بەرچاوی خۆتـــەوە پردێك لەنێوان تـــەواوی کۆمپیوتەرەکانی نێو تۆڕەکە و ســـێرڤەری ئەو کۆمپیوتەرە دروست دەکات کە لەژێر دەسەڵاتی دەســـتێکی دەرەکیدایە و بە بەرچاوی خۆتـــەوە هەمـــوو نهێنیەکانـــت دەباتـــە دەرەوە و هیچ دەسەڵاتێکیشت نییە.

با لێرەوە سەیری ئەو ڤایرۆسە بکەین کە لەساڵی ٢٠٠٨ بەرێگای فلاش میمۆریەکی زۆر بچووك خرایە ناو یەکێك لە کۆمپیوتەرەکانی بنکەیەکی ســـەربازی پێنتاگۆن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزانین چ کارەساتێکی دروست کردووە و چەند وڵاتی گرتۆتەوە:

١. تۆڕی کۆمپیوتەرەکانی هەموو بنکە سەربازییەکانی ئەمریـــکا راســـتەوخۆ لینکـــی لەگـــەڵ تـــۆڕی کۆمپیوتەرەکانی ناوەندی پێنتاگۆن هەیە.

٢. کۆمپیوتەرەکانـــی ناوەندی پێنتاگۆن راســـتەوخۆ لینکیـــان لەگـــەڵ کۆمپیوتەری وەزارەتـــی بەرگری ئـــەو وڵاتانە هەیە کە خۆیان بـــە هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانن.

ســـەبارەت بەم رووداوە پرۆفیســـۆر میلیسیا هاتەوەی بەڕێوەبـــەری کاری هاوبەشـــی ئەلکترۆنی (cyber) لـــەدەزگای ناوەنـــدی هەواڵگری لە ئیـــدارەی جۆرج

بــوش و بەڕێوەبــەری کاری ئاسایشــی ســایبەر لە ئەنجومەنی ئاسایشــی نیشــتمانی لە دیراسەتێکدا بە ناونیشانی (سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی بۆ ئاسایشی ئەلکترۆنی) ئاماژە بــەوە دەکات دوای تێپەڕبوونی ٥ ســاڵ بەسەر ئەو کارەســاتە کە ناویان لێناوە پرۆسەی گوللەی یانکی- (Operation Buckshot Yankee) تێپەڕیوە، بەڵام هەتا ئێستاش وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (پێنتاگــۆن) بە وردی نەیتوانیوە قەبــارەی ئەو زیانە رابگەیەنێت کە لەو پرۆســەیە پێگەیشتووە، بۆیە وەك پرۆفیسۆر میلیسای هاتەوەی باسی دەکات، بەمەزندە زیانەکان بەم جۆرە بوون:

١. لــەرووی هونەرییەوە ئەم ڤایرۆســە بووە هۆکاری ئەوەی کاری تۆڕەکانی کۆمپیوتەر ئەنتەرنێت زۆر زۆر خاو ببنەوە، هەندێك لە کۆمپیوتەرەکان هەر نەیاندەتوانی کار بکەن.

٢. لەرووی بونیادی هەیکەلەی تۆڕە ئەلکترۆنیەکانەوە، ئەندازیارانی ســایبەر وای دەبینین کە دەبێت سەرلەبەر هەموو تۆڕەکان دروستبکرێنەوە.

٣. وەزارەتــی بەرگــری سیســتمی بەرگــری ئاگادارکردنــەوەی خێــرا (alert anomalous)ی بۆ هەموو کۆمپیوتەرەکانی نێو ئەو تۆڕە دابنێت کە تێکڕای کۆمپیوتــەرەکان بەیەکەوە گرێدەداتــەوە، بۆ ئەوەی ئەم سیســتمی ئاگادارکردنەوە خێرایە توخمی ناشاز ئاشکرا بکات و رێگە نەدات دیکۆمێنتەکانی نێو کۆمپیوتەرەکان بدزرێت یان ونبکرێن.

**چۆن ئۆپەراسیۆنی باکشوت یانکی روویدا؟**

ولیام لین جێگری پێشووی وەزیری بەرگری ئەمریکا لە وتارەکەیدا دەڵێت، ئۆپەراسیۆنی باکشوت یانکی یەکەم هەوڵی چوونە ناو تۆڕی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەرەکانی وەزارەتی بەرگری نەبووە، بەڵکو لەماوەی ١٠ ســاڵی رابردووی پێش ئەم ئۆپەراسیۆنە رۆژانە بەسەدان هەزار هەوڵ هەبووە بۆ ئەوەی بێنە ناو ئەم تۆڕەوە و بەســەدان هــەزار ڤایرۆس نێــردراوە، بەڵام هەمــوو ئەو هەوڵانە پوچەڵکراونەوە و هەموو ڤایرۆســەکان سڕاونەتەوە، بۆیە ئۆپەراسیۆنی باکشوت یانکی تەنها هەوڵێکی سەرکەوتوو نەبــوو بۆ هاتنە ناو تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتی پێنتاگۆن، بەڵکو دروستکردنی پردێکی دیجیتالی بوو لەنێوان تێکڕای کۆمپیوتەرەکان و سێرڤەری دوژمنەکانی ئەمریکا کە توانیان بە هەزارەها دیکۆمێنت و فایل لەناو تــۆڕی کۆمپیوتەرەکانی ئەمریــکا و هاوپەیمانەکانی بدزن، کە لەناو ئەم فایل و دیکۆمینتانە چەندین پلانی سەربازی و پلانی چاودێریی بەرگری تێدابوو.

کەواتە ئەم کارەساتە خاڵی وەرچەرخانە لە ستراتیژیەتی سیاســەتی بەرگریی ئەمریــکا و هاوپەیمانەکانی بە تایبەتی و ستراتیژیەتی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان بەگشــتی. بۆیە لەدوای ئەو کارەساتەوە بێجگە لــەوەی پێنتاگۆن فەرمانــدەی فەرماندەیی بەرگری ئەلکترۆنــی (cyberdefence)ی تازەکردۆتــەوە و لەمەش گرنگتر لەمیانەی کاری هاوبەشــی وەزارەتی بەرگــری و وەزارەتی ئاسایشــی ناوخۆ، ئاسایشــی ئەلکترۆنی تێکەڵی ســتراتیژیەتی ئاسایشی ئەمریکا کراوە، لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیشیدا ئەم هەوڵە زیاتر فراوانکراوە و بۆتە ئاسایشی ئەلکترۆنی نێودەوڵەتی و دروستبوونی سیاسەتی ئەلکترۆنی (cyberpolitics) بۆ داڕشتنی پەیوەندی نێودەوڵەتی ئەلکترۆنی (cyber international relation)، هەموو ئەم هەوڵانەش لە پێنــاوی ئەوەن بۆ ئەوەی ئەمریــکا بزانێت ئایا دوای پرۆســەی باکشوت یانکی چیدیکە بۆ کاری بەرگری متمانــە بە ئەنتەرنێت و کۆمپیوتــەر دەکرێت یان نە؟ ســەبارەت بەوەڵامی ئەم پرســیارە دیڤید ئیگناتۆس ستوونووســی بە ناوبانگی واشنتۆن پۆست لە تازەترین وتاریدا بەناونیشانی (ســنووری فەزای ئەلکترۆنی) کە رۆژی پێنج شــەمەی رابردوو رۆژنامەی شــەرق ئەلئەوسەت بلاوی کردۆتەوە، ئاماژە بەوە دەکات ئێستا ئەوەندە سنور و بەربەست بۆ ئازادیی ئەنتەرنێت دانراوە کە چیدیکە ئەنتەرنێت ئازاد نەبێت، لەمبارە ئیگناتۆس ئاماژەی بە قســەی یەکێك لە پســپۆرانی سایبەری ئەمریکی کردووە کــە گوتوویەتی: (لەوانەیە ئێمە دوا نەوەبیــن بە ئازادی ئەنتەرنێــت بەکاربهێنین، ئەمەش بەهۆی ئەو بەربەستە تازانە و سیاسەتی خۆپارێزی کە مەزندە دەکرێت لەسەر تۆڕە جاڵجاڵۆکیەکەی ئەنتەرنێت فەرز بکرێت.

**چەکێکی نەبینراو.. دوژمنێکی نەناسراو**

ئۆلریچ بیك گەورە بیرمەندی سیســۆلۆژی ئەڵمانیا و جیهان لە کتێبەکەیدا (کۆمەڵگەی مەترســیدار: بەرەو مۆدیرنتێکــی تــازە- Risk Society: Towards a New Modernity)، باسی ئەوە دەکات گلۆبالیزەیشن و پێشــکەوتنی تەکنۆلۆژیا راســتە پەیوەندیکردنیان ئاسان کردووە و سنورەکانیان کردۆتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسیشــیان لەســەر کۆمەڵگە دروستکردووە و بە ئاســانی نەخۆشی ئایدز و شــێتیی مانگا دێتە کۆمەڵگاکانمانــەوە، بۆ ئەنتەرنێــت و کۆمپیوتەریش راســتە پێشــکەوتنی تەکنۆلۆژیای ئەلکترۆنی بۆتە هۆکاری ئەوەی بەشــێکی زۆری کارەکانی رۆژانەمان و بەڕێوەبردنــی دامودەزگای حکومڕانی رێك و پێکتر و ئاسانتر بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو کارەکانی



**دەكرێت پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای ئەلكترۆنی وەک دۆزینەوەی باروت و هێزی ناوكی سەیر بكەین، لەبەر ئەوەی راستە باروت بووە هۆكاری ئەوەی دروستكردنی رێگاو بان لە شوێنە سەختەكان ئاسان بێت، بەڵام هەر باروتیش بوو بە سەدان ملیۆن كەسی لەم جیهانە لەناو بردووە و بەسەدان ژینۆساید و كۆمەڵكوژی دروستكردووە**

رۆژانەمـــان و بەڕێوەبردنی دامودەزگای حكومڕانی و سیاسەتی ئابووری و بانكەكانی خستۆتە مەترسییەوە، لەمەش گرنگتر مافی خاوەندارێتی فیكری خستۆتە مەترســییەوە كــە ســەرچاوەیەكی گرنگــی ژیانی دەســتەبژێری رۆشنبیر و نووســەران و هونەرمەندان و رۆژنامەنووسانە لە جیهاندا.

كەواتە لەم راستەدا دەكرێت پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای ئەلكترۆنــی وەك دۆزینەوەی بــاروت و هێزی ناوكی ســەیر بكەین، لەبەر ئەوەی راستە باروت بووە هۆكاری ئەوەی دروســتكردنی رێگاو بان لە شوێنە سەختەكان ئاســان بێت، بەڵام هەر باروتیش بوو بە سەدان ملیۆن كەســی لەم جیهانە لەناو بردووە و بەسەدان ژینۆساید و كۆمەڵكوژی دروســتكردووە، بە هەمان شێوە راستە دۆزینــەوەی وزەی ناوەكی بۆ بەكارهێنانی ئاشــتیانە ســوودەكانی هێجگار زۆرە و گەورەترین ســەرچاوەی وزەیە بۆ دروســتكردنی كارەبا و پێداویستیەكانی ژیان، بەڵام هەر هێزی ناوەكی بوو كارەســاتی هێرۆشــیما و ناكازاكــی دروســتكرد، لەلایەكــی دیكە راســتە پێشكەوتنی زانست بوو مۆدێرنەتی بەرهەمهێنا، بەڵام

**راستە پێشكەوتنی زانست مرۆڤی لە كۆیلەیەتی رزگار كرد و بەرەو دیموكراتی هەنگاوی پێ هەڵگرت، بەڵام هەر پێشكەوتنی زانستیش بوو كە مرۆڤی كردە كۆیلەی تەكنۆلۆژیا و ئازادی لێ زەوت كرد**

هەر پێشــكەوتنی زانســتیش بوو وەك بەشێكی زۆری بیرمەندانی قوتابخانەی فیكری فەرەنســی باســی دەكەن كۆتایی بەو مۆدێرنە هێناوە و قۆناخی پۆســت مۆدێرنەیان راگەیاند، راستە پێشكەوتنی زانست مرۆڤی لە كۆیلایەتی رزگار كرد و بەرەو دیموكراتی هەنگاوی پێ هەڵگرت، بەڵام هەر پێشكەوتنی زانستیش بوو كە مرۆڤی كردە كۆیلەی تەكنۆلۆژیا و ئازادی لێ زەوت كرد، لەمەش گرنگتر بەرهەمی پێشــكەوتنی زانست كۆپی كردنی مرۆڤە، خۆ ئەگەر لەسەر ئاستی جیهان ئەم پێشــكەوتنە قەدەغە نەكرایە، ئەوا بۆ هەتا هەتایە ئازادی مرۆڤ كۆتایی دەهات و مێژوو بەشــێوەیەكی تراژیدی كۆتایی پێدەهات، نەك بەو شێوەیەی هیگل و فرانسیس فۆكۆیاما باسیان كردووە، كۆتایی مێژوو واتە گەیشتن بە ئازادی.

ســەبارەت بەم لایەنە جۆزیف نای یاریدەدەری پێشووی وەزیری ئەمریكا و ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكانی زانكــۆی هارڤارد، لە پەنێڵكدا لــە ئامۆژگای چاتام هاوسی پادشــایەتی لە بەریتانیا، زۆر راشكاوانە باس لەمەترسیی بڵاوبوونەوەی ئەو هێزە دەكات كە ئەنتەرنێت



دەیداتە کارەکتەرە جیاوازە غەیرە دەوڵەتیەکان و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بە ناردنی تەنها یەك ڤایرۆس بۆ تۆڕی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتی کارەبای لەندەن، هەموو لەندەن تاریك دەبێت، ئەم کارە دەشێت یەك کەس کردبێتی، یان گروپێك یان دەوڵەتێك، بەڵام کە شوێنی دوژمنەکەت و ناسنامەی دوژمنەکەت نەناسی پرسیار ئەوەیە ئایا رۆکێتی بالیستی لەکوێ دەگرێت، لەلایەکی دیکە کە تۆ ئەو ڤایرۆسە وەك چەکێك نەبینێت کە هێرش دەکاتە سەرت چۆن رێگەی لێدەگریت، ولیام لین گوتەنی بە بەرچاوی خۆتەوە هەموو شتەکانت دەبات و هیچ شتێکیشت بۆ ناکرێت.

## هەرێمی کوردستان و خۆگونجان لەگەڵ ئەم ژینگە گۆڕاوەدا

ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی بچووکە و، وەك دەوڵەتە گەورەکانی جیهان نییە بەرێگەی سایبەر شەڕی ئەلکترۆنی لەگەڵ بکرێت و وای دابنێین هەرێمی کوردستان ئەم مەترسیەی لەسەر نییە، کە زۆریش لەسەریەتی، تەنها باسی ئەو ئومێدەی هەر تاکێکی کوردستان بکەین کە ئومێد دەخوازێت حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك حکومەتێکی ئەلکترۆنی (E-Government) بونیادبنرێتەوە و کارەکانی بە کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت هەڵبسورێت و رێکبخرێت، کە ئێستاش تارادەیەکی بەرچاو بەوجۆرەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینە ئەو ئاستەی بڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی ئەلکترۆنیە، بەڵام ئاراستەی رۆشتنمان بەو ئاراستەیەیە کە بەوجۆرە حکومڕانی بکەین، کە ئەمەش یەکێکە لەو ئومێدانەی بەتەواوەتی پێی بگەین، لەم راستەوە ئەگەر مەترسی ئاسایشی ئەلکترۆنی لەبەرچاو بگرین، ئەوا ژێرخانی ژیاری کوردستان لەهەموو بوارەکانی ئاو و کارەبا و وزە و بانك و وازەرەتەکان دەکەونە ناو ئەم ژینگە گۆڕاوە پڕ مەترسییە، ئەوەشی زیاتر ئەم پرسە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان دەکاتە مەترسی، ئەوەیە کە دروستکردنی قەوارەیەکی دیموکراتی بۆ هەرێمی کوردستان خۆی لەخۆیدا بۆ ناحەزانی کوردستان هەڕەشەیە، بۆیە ئەگەر لەلایەنی هێز وەك هێزێکی جیهانی هێزێکی بچووك بین و جێگەی مەترسی نەبین، ئەوا لەلایەنی سیاسیی و لەسەر ئاستی ئیقلیمی

**ئایا دەکرێت دەستبەرداری حکومەتی ئەلکترۆنی بین، لەبەر ئەوەی هەست بە مەترسییەکانی دەکەین؟ یانیش دەبێت لەگەڵ ئەم ژینگە گۆڕاوە بەردەوامە بە باشی خۆمان بگونجێنین و هەوڵبدەین ئاسایشی ئەلکترۆنی وەک بەشێک لە ئاسایشی نیشتمانی سەیر بکەین**

و ناوچەکە، ئەم قەوارە دیموکراتی و نیشتمانییەی کوردستان وەك مەترسییەك سەیر دەکرێت و هەموو کات هەوڵی ئەوە هەیە کە بەرێگەی شەڕی ئەلکترۆنی پرۆسەی پەرەپێدان پەکی بخرێت. ئەگەر لەمبارەوە تەنها ئاماژە بە میدیا بکەین، لەبەر ئەوەی هەتا سالآنێك پێش ئێستا کوردستان تەنها مەترسی شەڕی ئەلکترۆنی تەنها لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن هەبوو، ئێستاش دەوڵەتانێك هەن بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان ماڵپەڕەکانی کوردستان بەگشتی و ماڵپەڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاك بکەن و پەکی بخەن، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت ئێمە تەنها لە رێگەی راگەیاندن و وشەوە تێکەڵی ئەنتەرنێت بووین، رووبەڕووی شەڕی ئەلکترۆنی و مەترسییەکانی بووینەوە، پرسیار ئەوەیە ئەگەر دامودەزگاکانی حکومڕانیمان و بانکەکانمان و تێکڕای کەرتی تایبەت بینەوە چ زیانێك دەکەین؟ بێگومان ئاشکرایە ئەو زیانەی لەم بوارە بەر ئابووریی کوردستان دەکەوێت، لەگەڵ ئەو زیانەی لە بواری ماڵپەرەکانی راگەیاندن بەرمان کەوتوون، هێندە گەورەیە بەراورد ناکرێت، دەتوانین بڵێین لەشەڕی ئەلکترۆنی بواری میدیای ئەلکترۆنیدا زیانێکی ئەوتۆمان لێنەکەوتووە، بەڵام لەبواری دامودەزگاکانی حکومڕانی بە تایبەتی کە ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناخی بونیادنانەوە و پەرەپێداندایە و هەنگاو بۆ پەرەپێدانی بەردەوام هەڵدەگرێت، لەوانەیە ئەگەر ئەم مەترسییە بەجددی وەرنەگرین، ناحەزانی کوردستان هەموو ئامانجیان ئەوە بێت، ئەم پرۆسەیە رابگرن یان پەکی بخەن، بۆ ئەم کارەشیان لەوانەیە نەتوانن بە شێوازی نەریتی کۆنی سەربازی ئەم کارە بکەن، بەڵکو پەنا بۆ ئەوە دەبەن کە بەرێگەی هێرشی ئەلکترۆنی ئەم شەڕەمان لەگەڵ بکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەکرێت دەستبەرداری حکومەتی ئەلکترۆنی بین، لەبەر ئەوەی هەست بە مەترسیەکانی دەکەین؟ بێگومان نەك هەر ئێمە بەڵکو هەموو جیهان ناتوانێت دەستبەرداری ئەم پێشکەوتنە گەورەیە بێت و لە ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر دووربکەوێتەوە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ ئەم ژینگە گۆڕاوە بەردەوامە بە باشی خۆمان بگونجێنین و هەوڵبدەین ئاسایشی ئەلکترۆنی وەك بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی سەیر بکەین و وەبەرهێنانی مرۆیی لەم بوارە بکەین و لاوەکانمان بە زانستی ئەم تەکنۆلۆژیا گرنگە پەروەردە بکەین بۆ ئەوەی سوپایەکی بەهێزمان لەم بوارەدا هەبێت و بتوانن پارێزگاریی لە دامودەزگاکانی حکومەت و کۆی دامەزراوەکانی حکومڕانی بکەن.



## والفنگنگ واگنەر بۆ گوڵان:

# دەبێت ئاسایشی ئەلکترۆنی وەک بەرپرسیاریەتی دەوڵەتی و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەک ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا سەیر بکرێت

**پرۆفیسۆر والفنگنگ واگنەر ئوستادی ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئەمستردام لە هۆڵەندا و تۆژەری باڵایە لە سەنتەری ئاشتی لە فرانکفۆرت، بۆ قەسەکردن لەسەر ئاسایشی ئەلکترۆنی وەك بە شێك لە ئاسایشی جیهانی و ئەو مەترسیانەی ئاشایشی ئەلکترۆنی دروستی دەکات، پرۆفیسۆر واگنەر لە لێداوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

دابینکردنی ئاسایشـــی ئەلکترۆنی بەڕاســـتی قورسە و پێموایە باشـــترین ســـتراتیژیەت بریتییە لە پەرەپێدانی سیســـتمی ئاســـایش لە رووی تەکنیکیـــەوە و کارێك بکەیت ئەنجامدانی ئەم هێرشـــی ئەنتەرنێتە (CYBER ATTACK) قـــورس بێـــت و تەنانـــەت مەحاڵ بێت، ژێرخانی وڵاتەکە بە چەشنێك بونیاد بنرێتەوە کە کەمتر لاوازبـــوون لەبەرامبەر هێرشـــی ئەنتەرنێتدا (CYBER ATTACK)، ئەمە ســـتراتیژیەتێکی ئومێد بەخشـــترە وەك لەوەی بمانەوێت بە هەڕەشـــەی تۆڵەسەندنەوەیەکی بەربـــڵاو هێرشـــبەران ســـڵ بکەینـــەوە. بۆیـــە دەبێت ئاسایشی ئەنتەرنێت (CYBER CECURITY) وەك بەرپرســـیارێتی دەوڵەتەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك ناتـــۆ و یەکێتیی ئەوروپا ســـەیر بکرێت، تەحەددی سەرەکی بەردەم ئەوان بریتییە لە دۆزینەوەی چارەسەری تەکنیکی بۆ ئەوەی هێرشـــکردن و تێکدانی سیســـتمی کۆمپیوتەر قورســـتر بێت، هەروەها بە دڵنیاییەوە نەتەوە یەکگرتـــووەکان دەتوانێت ئەم گۆڕانکارییە بە باشـــترین شێوە لەســـەر بنەمای داهێنانی تەکنۆلۆژی رێکبخات. هێزی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە مۆڵەت بە بەکارهێنانی رێکاری ناچارکەر دەدات و بگرە بەکارهێنانی هێزیش، بەڵام لە ئێســـتادا پێموانییە ئەمە پێویســـت بێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێرشـــی ئەنتەرنێت (CYBER ATTACK) و ئاسایشـــی ئەنتەرنێـــت (CYBER CECURITY). لەئێســـتادا من ئاگادارم کـــە ناتۆ لـــە کێشـــەی (CYBER CECURITY) دەڕوانێت و هەندێ مشـــت و مـــڕ هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا ئیلتیزاماتەکانی هاوپەیمانێتیەکە بەســـەر هێرشـــی ئەنتەرنێـــت (CYBER ATTACK) جێبەجێ دەبێت. بەڵام پێموانیە ئەمە ئاڕاســـتەیەکی راســـت و دروســـت بێت بۆ ئـــەوەی بۆی بڕوانیت، لەبەر ئەوەی ئەگەر لەوە بڕوانیت ئایا هاوپەیمانێتیـــەکان لە چیدا ئەدایەکی زۆر باشـــیان هەیە-کە ناتۆش نموونەیەکی باشە لە سەردەمی جەنگی ســـارددا-، کە دەتوانن کارێك بکەن هێرشبەرێك سڵ بکاتەوە لەوەی لە رووی سەربازیەوە هێرش بکات سەر وڵاتێك. بەڵام پێموانییە ئەو هاوپەیمانێتیە سوودی هەبێت بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت تاوەکو هاککەرێك ســـڵ بکاتەوە لە هێرشکردنە سەر وڵاتێکی دیکە، کە مەرج نییە لەبری حکومەتـــی ئەو وڵاتە کاربکات. کەواتە سروشـــتی ئەم هێرشـــەی ئەنتەرنێت (CYBER ATTACK) گۆڕاوە و زۆر زەحمەتە بزانین ســـەرچاوەکەی لە کوێوەیە، کەواتە لۆجیکە تەقلیدیەکە بەسەر ئەم سیناریۆیەدا پیادە نابێت. بێگومان شـــەڕی تیرۆریش تەحەددیەکە بۆ ئاسایشـــی نێودەوڵەتی لە ســـەدەی بیســـت و یەکدا. بەڵام من ئەوە زیاد دەکەم کە بە بەراورد بەو شـــەڕە گەورانەی لە نێوان وڵاتاندا لە سەدەی بیستدا ئەنجام دران، ئەوا تەحەددیەکی نەرمتـــرە، راســـتە لە هەنـــدێ ناوچەدا مەترســـیدارە، چونکە هەر قوربانیەك لە کاری تیرۆریســـتی بکەوێتەوە مەترسیدارە، بەڵام ئێمە ئێستا یادی سەد ساڵەی جەنگی جیهانـــی یەکەم دەکەینەوە، کە تێیـــدا ١٦ ملیۆن کەس کوژران، کە ئەمەش ئاســـتێکی جیاوازترە لەو تیرۆرەی ئێستا لە ســـەدەی بیست ویەکدا رووبەڕووی بووینەتەوە. لەو رووەوە گواستنەوەی هێز کێشەی نوێی دروستکردووە، بەڵام هەواڵە خۆشـــەکە ئەوەیە ئەو کێشانەی لە سەدەی رابردودا بوونیان هەبووە لە ئێستادا بوونیان نییە.

**سروشتی ئەم هێرشەی ئەنتەرنێت گۆڕاوە و زۆر زەحمەتە بزانین سەرچاوەکەی لە کوێوەیە، کەواتە لۆجیکە تەقلیدیەکە بەسەر ئەم سیناریۆیەدا پیادە نابێت**



## دانیلا ئیریرا بۆ گوڵان:

# ئەگەر سیستمی نوێی جیهانی نەتوانێت کۆنترۆڵی سنووره نەبینراوەکانی ئەنتەرنێت بکات ناتوانێت ئاکامە خراپەکانی دووربخاتەوە

پرۆفیسۆر دانیلا ئیریرا ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کەتانیە لە ئیتالیاو پسپۆر و تایبەتمەندە لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسەتی جیهانی، رێکخراوە ناحکومیەکان و چالاکی مرۆیی، هەروەها رێکخراوە ناحکومیەکان و ئەرکی ئاشتی و سیاسەتی ئاسایش و بەرگری یەکێتی ئەوروپاو تیرۆریزم و کاریگەری لەسەر سیاسەتی جیهانی، بۆ قسەکردن لەسەر وەرچەرخانی هێز و گواستنەوەی لەکاراکتەری دەوڵەتییەوە بۆ کاراکتەری نادەوڵەتی و تاکو دروستبوونی مەترسی بەهۆی ئەنتەرنێتەوە (cyber)، پرۆفیسۆر دانیلا ئیریرا بەمجۆرە رای خۆی بۆگوڵان دەربڕی.



((پرۆسەی گواستنەوەی هێز لە کاراکتەری دەوڵەتەوە بۆ کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی، لە دەیەکانی رابردوودا هاتۆتە ئاراوە. رۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، مەبەستمان لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان، کۆمەڵەکان، گرووپە خێرخوازییەکان و ئەو کاریگەرییە کە دەتوانن بەرهەمی بهێنن، بەشێکن لە پرسێکی بەرفراوانتر کە بریتییە لە بەشداریکردن بە شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لەگەڵ بە دیموکراتیزەکردنی سیاسەتکردن لە ئاستی جیهاندا. کە ئەمە بە چەند بابەتێکی کەم دەستی پێکرد-گەشەپێدان و یارمەتی- و لە ئێستادا کاریگەری بەسەر هەموو بوارە گەورەکانی سیاسەتەوە هەیە. تەنانەت بابەتە هەرە هەستیارەکانیش، وەك ئیدارەی قەیران و کاری مرۆیی، کە ناتوانن بە دووربن لە هاوکاری پەیوەندیداری ئەوان. ئەوەش راستە، کە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان نوێنەرایەتی مەرجەعیاتی خەڵك و پێداویستیەکانی خەڵك دەکەن، بەڵام زەحمەتە بەردەوام بن لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی دابڕاون لە دەوڵەتان، یاخود لەبەر ئەوەی دژی دەوڵەتان کاردەکەن. من باسی گواستنەوەی راستەقینەی هێز ناکەم لەم کەیسەدا. لەبری ئەوە، لە زۆر بواری سیاسەتدا- و ڕەنگە بڵێم لە هەموو ئەو بوارانەدا-، بە شێوەیەکی حەتمی شێوازەکانی لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە تێکەڵ دەبن و بەشداربن لە داڕشتنی سیاسەتدا. چارەنووسی ئەمەش گەشەکردنە، لەبەرامبەر ئەمەدا کاراکتەری دیکەی نادەوڵەتیش هەن کە ئەوانیش گروپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانن، روونترین کاریگەریەك کە هەیانبێت ئەوەیە بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەردەبن- بە شێوەیەکی تێکدەرانە- لەسەر داڕشتنی سیاسەتی جیهانی. بۆی هەیە سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بێ ئەندازە تێچوو هەڵگربن و کاتیان بوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتگەلێکی پێویستن و پێویستیان بەوەیە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو رەوتە خێراییەی تێرۆریستانی پێ گەشە دەکەن. ئەوان بە دڵنیاییەوە بە دۆخێکی ئینتیقالی و گەشەکردندا دەڕۆن، لەبەر ئەوە دەبێت سیاسەتگەلێکی هەمەلایەن و ئاوێتەکراوبن، ئەویش بۆ زاڵبوون بەسەر جیاوازی نێوان ئاسایشی دەرەکی و ئاسایشی ناوخۆیی، ئەگەر بە یەك و شەش گوزارشتی لێبکەین، ئەوا بۆ ئەوەی پتر فرە رەهەندبن. ئەوجا لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا مەترسیەکی دیکە دروست بووە کە ئەویش ئاسایشی ئەلکترۆنیە CYBER CECURITY، بۆ هەموو ئەم هەڕەشانە گرنگە ئاشایشی بە کۆمەڵ پیادە بکرێت، سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵە لە ساڵی ١٩٤٥ نەتەوە یەکگرتووەکان دایمەزراند، بە پرۆسەیەکی دورودرێژی گۆڕانکاری و خۆگونجاندا تێپەڕیون، و ڕووبەڕووی هەڕەشەگەلی جیاواز بوونەوتەوە. ئاسایشی ئەنتەرنێت CYBER CECURITY بابەتێکی مشت و مڕ هەڵگرە، لەبەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ رەهەندێکی «نامەتریاڵ»یدا دەکات کە زاڵبوون بەسەریدا زەحمەتە. بە دڵنیاییەوە، پێدەچێت سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکان سیستمێك بێت داوای ئەوەی لێبکرێت پەرە بەم توانایانە بدات، لەبەر ئەوەی سیستمێکی جیهانییە. لە هەمان کاتدا، ناکرێت تاکە سیستمێك بێت و پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ ڕێکخراوە ئیقلمیەکاندا، وەك یەکێتیی ئەورووپا، کە شارەزاییەکی دیاریکراوی پەرەپێداوە لەبارەی ئەم پرسەوە. هەروەها ئەنتەرنێت CYBER رەهەندێکە تێیدا گروپە تێکدەرە جیاوازەکان دەتوانن چالاکیەکانی خۆیانی تێدا دابنێن و ئەنجامەکانیشیان زیاد بکەن. دەکرێت ئەمە بەسەر ئەکتەرەکانی دیکەدا جێبەجێ ببێت، وەك تاوانی ڕێکخراو. کە زۆر زەحمەتە سنوورەکانی دیاری بکەیت و کاریگەرییەکانی ئیحتیوا بکەیت. لەبەر ئەوە سیاسەتە ئەمنیە جیهانییەکان هەر دەبێت سیاسەتی فرەڕەهەند بن و هەموو ئەکتەرە سیاسیە گەورەکانیش لە خۆبگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر گرنگە ئەوەمان لە یاد بێت کە گروپە تیرۆریستیەکان ئەکتەرگەلێکی بەرچاون و پاڵنەری خۆیان هەیە، خاوەنی ستراتیژ و ئامانجن. بە دڵنیاییەوە دەتوانن سوود لە کەشی ئەنتەرنێت (CYBER) وەربگرن، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەوە یەکلابکەینەوە کە ئەوان بەهۆی ئەنتەرنێتەوە «دروست بوون»ە. ئەگەر سیستمی حکومەتی جیهانی نەتوانێت دەسەڵاتدار بێت بەسەر سنوورە نەبینراوەکانی ئەنتەرنێتەوە، ئەوا ناتوانێت لێیان تێبگات و ڕێگری لە ئاکامەکانی بکات)).

**ئاسایشی ئەنتەرنێت بابەتێکی مشت و مڕ هەڵگرە، لەبەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ڕەهەندێکی «نامەتریاڵ»دا دەکات کە زاڵبوون بەسەریدا زەحمەتە. بە دڵنیاییەوە، پێدەچێت سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکان سیستمێک بێت داوای ئەوەی لێبکرێت پەرە بەم توانایانە بدات، لەبەر ئەوەی سیستمێکی جیهانییە**

**پرۆفیسۆر تۆم سۆریل ئوستادی زانستی سیاسەت و فەلسەفەیە لە زانکۆی وارویك بیرمینگهام لە بەریتانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە ئاکاری سیاسەت لەسەر ئاستی جیهان و یەکێکە لە بەشداربووانی پرۆژەی تەکنۆلۆژیای زانیاری (PF7ICT)، بۆ قسەکردن لەسەر ئاسایشی ئەلکترۆنی و تێکەڵبوونی لەگەڵ ئاسایشی جیهانی، پرۆفیسۆر تۆم سۆریل لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



## تۆم سۆریل بۆ گوڵان:

# ئاسایشی ئەلکترۆنی گەورەترین هەڕەشەیە و زۆر زەحمەتە بە ئاسانی دابین بکرێت

((من باوەڕم وایە ئەوەی پێی دەڵێن ئاسایشی ئەلکترۆنی «CYBER CECURITY» قورسترین جۆری ئاسایشە بۆ ئەوەی دەستەبەربکرێت، چونکە تەنانەت تاکە کەسێك بۆی هەیە هێزێکی زۆری هەبێت لە جیهانی ئەنتەرنێتدا CYBER WORLD، من نازانم ئێوە ئاگاداری ئەو رۆمانەن کە لە سوید نووسرا... و دواتر فیلمێکی بە ناوبانگیان لێ بەرهەمهێنا کە پاڵەوانەکەی کچێکە تاتوی ئەژدیهایەکی پێوەیە، و کچێکی بچووکە کە زۆر زۆر شارەزایە لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێتدا بۆ مەبەستی جیاواز، کە وەك پاڵەوان لە زۆرێك لە هاککەرەکانەوە لێی دەڕوانرێ و رەمزێکە بۆ ئەوەی ئافرەتێکی بچووك چەندە بەهێزە کاتێك شارەزایی و لێهاتوویی دەبێت لە «CYBER CECURITY» دا، ئەوەش مەسەلەی یەکلاکەرەیەوەیە لە «CYBER CECURITY» دا، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکەسەکان زۆر بەهێزبن... کە توانای دەستڕاگەیشتیان بە چەندەها سەرچاوەی جیاواز بۆ دەستەبەر دەکات و توانای تێکشکاندنی ئەو سەرچاوە گرنگانەشیان بۆ فەراهەم دەکات. کەواتە دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین کە کێ لاوازە و کێ بەهێزە لە ژێر رۆشنایی ئەو هێزەی کۆمپیوتەر هەیەتی و ئەو هێزەی لە لێهاتووی بواری کۆمپیوتەردا هەیە. پێموایە ئەوە گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێڕییە کە چۆن کومپیوتەر.. دەبێتەهۆی گۆڕینی هێز و دەبێتەهۆی گۆڕینی ئاسایش. من تەواو هاوڕام لەگەڵتاندا کە لە ئایندەدا ئاسایش بە تەواوەتی سێبەری (CYBER CECURITY) باڵی بەسەردا دەکێشێت. پێموایە ئەمە کێشەیەکی دیاریکراوە لە رۆژئاوادا کە خەڵکی بیرۆکەیەکی لیبراڵی هەیە لەبارەی ئازادی رادەبڕین و چەندین مەسەلەی دیکەوە کە زۆر زەحمەتە بەسەر جیهانی ئەنتەرنێتدا (CYBER WORLD) پیادە ببێت، لە (CYBER WORLD)دا پەرەسەندنێك هەیە ئەوە دەردەخات کە رەنگە سنوورداركردنی ئازادیی رادەبڕین وەك پێویست سنووردارکردنێکی بەهێز نەبێت، نازانم



چیرۆکی ئەو ئافرەتەتان لە بەریتانیا بیستووە کە قەناعەتی بە حکومەت کرد بۆ ئەوەی وێنەی ئافرەتێك بخاتەسەر دراوی وڵاتەکە، واتە ئەم ئافرەتە توانیتی قەناعەت بە حکومەتی بەریتانی بکات کە وێنەی ئافرەتێکی رۆماننووسی بە ناوبانگ بخاتەسەر دراوی وڵاتەکە. بەهۆی ئەم کارەوە هێرشێکی مەترسیداری کرایەسەر لەسەر ئەنتەرنێت، خەڵکی هێرشیان کردەسەری بەوەی هەتکی بکەن و خەڵکانێك هەبوون هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرد و کەسانێکیش هەبوون هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد زیانی پێدەگەیەنن، تەنها لەبەر ئەوەی هەوڵیداوە وێنەی ئافرەتێك بخاتەسەر پارەی وڵاتەکە، زۆر زەحمەتیش بوو کە پۆلیس بتوانێت کارێك لەو بارەیەوە ئەنجامبدات، لەبەر ئەوەی پێشتر شتی وای نەبیستبوو و خەڵکی لەوە تێنەدەگەیشت کە بۆچی هەست بە سووکایەتی بکرێت وێنەی ئافرەتێك بخرێتەسەر پارە. بەهەر حاڵ ئەوە نموونەیەکە لەبارەی پەرەسەندنێکی نوێیەوە کە تەنها بەهۆی بوونی سۆشیال میدیایەوە- وەك تویتەر- رووداني مومکین بوو. هەروەها دەکرێت لە رووی تەکنیکیشەوە کارێك بکرێت، واتە هەمان ئەو تەکنیکانەی هاککەرەکان لە دژی حکومەتەکان بەکاری دەهێنن لە دژیان خۆیان بەکار بهێنرێتەوە، ئەمە بەشێکە لە کێشەیەکی تەکنۆلۆجی، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ئەمە کێشەیەکی سیاسییە. ئەوەی پەیوەندی بە هاککەرانەوە هەبێت ئەوا تێڕوانینی خۆیان هەیە لەبارەی ئەوەی چۆن ئەنتەرنێت بپارێزرێت، واتە تەنها تێڕوانینیان نییە لەسەر جۆری سیاسەتی ئاسایی، هیچ بەدیلێك نییە هەر دەبێت دەست بە گفتوگۆ بکرێت لەگەڵیاندا. لایەنێکی دیکە مەسەلەی تاوانی ئەنتەرنێت و تیرۆریزمی ئەنتەرنێتە، من دڵنیانیم لەوەی نموونەی زۆرمان هەبێت لەبارەی تیرۆریزمی ئەنتەرنێت (CYBER TERRORISM)ـەوە، بەڵام نموونەی زۆر هەیە لەبارەی تاوانی ئەنتەرنێت (CYBER CRIMES)، واتە نموونەی زۆر هەیە لەبارەی دزینی پارە و زانیاری لە رێی ئەنتەرنێتەوە، ئەمانەش تاوانی ئاسایین، بەڵام من هیچ نموونەیەك شك نابەم کە لە رێی ئەنتەرنێتەوە تیرۆریستان هەڵسابن بە کوشتنی خەڵك، چونکە ئەوە تیرۆریزمە، لەبەر ئەوەی تیرۆریزمە دزیکردن نییە، بەڵکو ئازاردان و کوشتنی خەڵکە، کەواتە من دڵنیانیم لەوەی (CYBER TERRORISM)ێکی زۆرم بینیبێت، من پێموایە ئەوە تاوانی ئەنتەرنێتە (CYBER CRIMES)ـە کە خەڵکی بیری لێدەکاتەوە، من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە مومکینە تیرۆریستان تەکنیکی ئەنتەرنێت بەکار بهێنن، بەڵام ئەوەندەی من بزانم ئەمە بەم دواییە بە رێژەیەکی زۆر روونەداوە، بەڵام ئەگەر کوشتار و هێرش رووبدات، ئەوا ئەمە پێویستیەك دەخولقێنێت کە پتر پارێزگاری لە سیستمی ئەنتەرنێت (CYBER SYSTEM) بکرێت وەك لەوەی تا ئێستا کراوە.

# شیکردنەوەیەک بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێستای تورکیا



دۆغو ئەرگیل*

بۆ گوڵان دەینووسێت

١٧ی کانوونـــی یەکەم، ئەو رۆژەی تورکیا دووچای تاســان هات بەهــۆی ئاشــکرابوونی ئابڕووچوونی گەندەڵییـــەوە کە لەلایەن حکومەتەوە وەك هەوڵێکی کودەتا لێکدرایەوە و تەفســیری بۆ کرا، لە مێژووی تورکیادا دەبێتــە قۆناغێکی گرنگ. لەو رێککەوتەوە چەندەها مەسەلە مشتومڕیان لەبارەوە دەکرێت، لە نێویاندا سروشتی رژێمەکە و پرسی ئەوەی تا چەند نزیکین (یان دوورین) لەو بەڵێنەی حکومەتەوە کــە تورکیا بکاتە وڵاتێکی گەشــەکردووی فرەیی و دیموکراسی و رێزگرتوو لە سەروەری یاسا.

ئەگەرچــی ئاســتێك لە رەشــبینی هەیە و ناکۆکیەکی ئاســت بڵندتر هەیە کە لە وڵاتەکەدا دەگوزەرێت، ئەوا من شەخســی خۆم بــاوەڕم وایە ئەم ناکۆکییە درەنگ یان زوو چارەســەر دەبێت و ئەو کورتهێنانە سیستماتیکیەش هەموار دەکرێتەوە. تیۆرەکەی من پشت بە لۆجیکێکی سادە دەبەســتێت: هیچ کەسێك نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ دواوە، لەبەر ئەوەی «ســەردەمێکی زێڕین» نییە کە بمانەوێت بۆی بگەڕێینــەوە و بیژیەنینەوە. دەرئەنجامەکانی راپرســیەکانی راوبۆچوونیــش ئەوە ئاشــکرا دەکەن کە لەبری ئــەوەی گوێ بۆ خیتابی پارتەکان بگرن کە لــە ناکۆکیە بەردەوامەکەوە تێوەگلاون، ئەوا خەڵکی پشت بە هەســتی هاوبەشی خۆیان دەبەستن. لەگەڵ ئەوەشــدا، پێناچێت هیچیان مایــەی قەناعەت پێهێنانێکی زۆری دەنگدەر بن.

ئەو مشتومڕەی لەم وتارەدا خراوەتەڕوو سەرچاوەی ئیلهامەکەی ئەو دەرئەنجامانەیە کە لە رووماڵکردنە گشــتگیرەکانی رای گشتیەوە بەدەســت هاتوون، کەلەلایەن Metropoll Research Agency ئەنجامدران دوای ئابڕووچوونە گەندەڵیەکەی ١٧ی کانوونی یەکەم کە حکومەتی تورکیا باوەڕی وایە دژی ئەو جووڵێنراوە. یەکەم شت پرسیاری لەبارەوە کرا بریتی بوو لەو تێڕوانینە گشتیەی کە کاروبارەکان چۆن لە وڵاتەکەدا بەڕێوەدەچن. لەبەر ئەوەی ئەم پرسیارە لە هەموو راپرسیەکەدا کراوە، ئەوا دەکرێت بە تێپەڕبوونی کات بەداواداچوون بۆ وەڵامەکەی بکرێت. رێژەی ئەوانەی بیرکردنەوەیەکی ئیجابیان هەیە لە ئاســت ئەوەی کاروبارەکان بە باشی لە تورکیادا بەڕێوەدەچن بە رێژەیەکی بەردەوام لە دابەزیندایە لە تەممووزی ســاڵی ٢٠١٣وە. لە تەممووزی ســاڵی ٢٠١٣وە رێژەی ئەوانەی باوەڕیان وایە لە تورکیا کاروبارەکان بە باشــی بەڕێوەدەچن لە ســەدا ٤٩ بوو. لە کانوونی دووەمی ســاڵی ٢٠١٤دا ئەم رێژەیە بۆ لەسەدا ٣٣ دابەزی. ئەمە کەمترین رێژەیە کە Metropoll پێوانەی کردبێت لە ساڵانی پێش دەسەڵاتی حکومەتەکەی ئاك پارتی.

رێژەی ئەو هاووڵاتیانەی باوەڕیان وایــە کاروبارەکان لە وڵاتەکەدا بە باشــی بەڕێوەناچن بریتییە لــە ٥٤،٦٪ تەنانەت لە هەر چوار ئەندامێك/پشــتیوانێکی (٢٥٪)ی پارتی حکومڕانی- ئاك پارتی- ئەندامێکیان هەمان بۆچوونیان هەیە. لە کاتێکدا لە ســەدا ٦٢ی پشــتیوانەکانی ئاك پارتی باوەڕیان وایە کاروبارەکان لە وڵاتەکەدا بــە باشــی بەڕێوەدەچێت، لــە کاتێکدا تەنها لە ســەدا ٥-١٢ی پشــتیوانەکانی پارتەکانی دیکە- کە نوێنەریان لەپەرلەماندا هەیە- ئەم باوەڕەیان هەیە. لە ســەدا ٧٠-٨٧ی ئەو کەسانە باوەڕیان وایە وڵاتەکە بە دۆخێکی باشدا ناڕوات.

کاتێك پرسیارێکی پتر شەخسی کرا لەبارەی ئایندەوە(ئایا تۆ ئومێدت هەیە بــەوەی چاوەڕوانی تۆ و خێزانەکەت دەکات لە ئایندەدا؟) لە سەدا ٤٠ی خەڵك وەڵامیاندایەوە کە ئەوان « ئومێدەوارن»، وەڵامی لە ســەدا ٤٢یان ئەوەبوو «ئومێدیان نییە»، لە ســەدا ١٥،٦یان نە «ئومێدیان هەیە و نە «نائومێدن». لە راپرســی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٣دا کە ئەنجامیدا، رێژەی ئەو کەسانەی «ئومێد» یان هەبوو بریتی بوو لە ســەدا ٤٦،٧ رێژەی ئەو کەســانەی ئومێدیان هەبــوو لــە ١٧ی کانوونی یەکەمدا دابەزی بۆ لە ســەدا ٤٤ کە نزمترین ئاســتە کە Metropoll ئەنجامی دابێت لەم ســاڵانەی دواییدا.

هێشــتا هاووڵاتیان وحکومەتــی تورکیا دەتوانن خۆشــحاڵبن کە بێئومێــدی تێڕوانینی باو و بڵاو نییە لە نێــو خەڵکدا، گرنگترن فاکتەریش بریتی بووە لە متمانەی بەردەوامی پشــتیوانەکانی ئاك پارتی بە پارتەکەیان/ حکومەتەکەیان. هەرچۆنێك بێت، بە گشــتی خەڵکی تورکیا ئاماژە و نیشانەیەکی بەهێز دەنێرن بۆ حکومەتەکەیان بۆ ئەوەی ئەو هەڵانە راست بکاتەوە کە تا ئێستا کردوویانە، و خۆی لە تۆمەتەکانــی بەرتیل وەرگرتن پاك بکاتەوە و دەســتێوەردان لە دامەزراوە رەسمیەکاندا نەکات. ئەگەر بێت و بەراوردی وەڵامی ئەو گروپانە بکەین کە پرســیاری ئەوەیان لێکراوە ئومێدیان بەو ئایندەیە هەیە کە چاوەڕوانی خۆیــان و خێزانەکانیان دەکات، ئەوا دەرکەوت پیاوان کەمێکی زیاتر لــە ئافرەتان ئومێدەوارترن، لەکاتێکدا خەڵکە خوێنــدەوارەکان و خاوەن بڕوانامەکان لەوانــی دیکە ئومێدەوارترن. ئەوانــەی دامــەزراون و ئەوانــەی لــە حکومەتــدان و ئەوانەی مووچەیان لە ســەرووی ٣،٥٠٠ لیرەوەیە پتر ئومێدەوارترن لە چینە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە.

کاتێك ئومێدەواری بەپێــی وەلائی حزبی دەپێوەرێت، ئەوا دەبینین کــە لە ســەدا ٦٩ی پشــتیوانەکانی ئاك پارتی ئومێــدەوارن، لە کاتێکدا لە ســەدا ١٦یان نائومێدن. لە سەدا ١٢،٤ی پشتیوانەکانی جەهەپە، و لە ســەدا ٢٠ی پشتیوانەکانی مەهەپە و لە سەدا ٢٢ی پشــتیوانەکانی بەدەپە ئومێــدەوارن. لەلایەکی دیکەوە، لە ســەدا ٧٠،٥ی پشــتیوانەکانی جەهەپە، لە ســەدا ٦٥ی پشتیوانەکانی مەهەپە، و لە ســەدا ٥٤ی پشتیوانەکانی بەدەپە نائومێدن. ئەوەی لەم رێژانەدا مایەی هەڵوەســتەیە ئەوەیە رێژەی ئەوانەی نائومێدن لە هەڵکشــاندایە و زیاتربووە لە رێژەی ئەو کەســانەی نائومێدن، ئەمــەش بۆ یەکەم جارە لە ســەردەمی حکومڕانی ئــاك پارتیدا رووبدات. داکشــانی ئومێد بە ئایندە و هەســتکردن بە سەلامەتی شەخســی راســتیەکی دانەبڕاو نییە. بەڵکو ئەوەی بەدی دەکرێت

ئەوەیە کە کەمبوونەوەیەك هەیە لە متمانەی خەڵك لە پەیوەندیدا بە بۆچوونەکان و سەرکردە سیاسیەکانەوە (بە گشتی، لە پەیوەندیدا بە نمونەی باڵاوە). رەنگە ئەمە هۆکارێك بێت بەشداربووبێت لە بەرفراوانکردنی بازنەی رەشبینی لە بواری گشتیدا.

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا کە بۆ ئەوە کرا رادەی متمانە بە سەرکردەکان بپێورێت، بۆ ئەوەی دەربکەوێت ئایا هێشتا متمانەیەکی بەهێز بە سەرکردەکان هەیە یان نا، Metropoll ئەو راستیەی بەدی کرد کە سەرۆك عەبدوڵا گول هێشتا لە پێش کەسایەتیەکانی دیکەوەیە بە رێژەی لە سەدا ٥٧، هەرچۆنێك بێت ئەم رێژە بە رادەی لە سەدا ٨ دابەزی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٣وە. پێدەچێت بەرێز گول رۆڵێکی تەواوکاری نەبینیبێت بۆ راگرتنی داکشانی ئومێد و گەڕاندنەوەی متمانە. دەکرا ئەمە بە خۆدوورخستنەوەی بووایە لە رەفتارەکانی حکومەت و بە بینینی رۆڵێکی بێلایەنانە بووایە. لەگەڵ ئەوەشدا قوربانیەکی دیکە هەیە لەو ناکۆکیە هەڵکشاوەی کۆمەڵگەی دابەشکردووە. سەرۆك وەزیران، ئەردۆغان، دووەم سەرکردەیە کە مایەی ئیعجابی خەڵك بێت، بە رێژەی لە سەدا ٤٧، کە ئەمە بۆ یەکەمجار ئەو رێژەیە بۆ کەمتر لە سەدا ٥٠ دابەزێت لەم ساڵانەی دواییدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ناکۆکیە بەردەوامە، کە کۆمەڵگەی دابەش کردووە، کەسێکی دیکەشی کردۆتە قوربانی، بەرێز فەتحوڵا گولەن کە لەلایەن حکومەتەوە تۆمەتبارە بەوەی سەرکردەی «دەوڵەتێکی هاوتەریب»ـە، و نیازی رووخاندنی حکومەتە، ئەویش جەماوەری لە دەستداوە. لە کاتێکدا رادەی جەماوەرێتیەکەی لە سەدا ٣٣،٥ و ٢٩،٥ بوو لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، ئەوا لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤دا بووە لە سەدا ١٤، واتە ١٥ خاڵی لەدەستدا و داکشا بۆ ریزبەندی حەوتەم لە رێژەی جەماوەرێتی پەیوەست بە بۆچوون و سەرکردە سیاسیەکانەوە.

هەروەك بەڵگەکە ئەوە دەخاتە روو(تکایە چاوەڕوانی وتاری داهاتوو بکە) کە خەڵکی بە شێوەیەك سەیری هیچ لایەکیان ناکەن کە متمانەیەکی زۆریان هەبێت لەم ناکۆکیە بەردەوامەدا. کەواتە ئەمە بە کوێ دەگات؟ پێدەچێت هەمووومان دۆڕاو بین.

لە نێو گرنگترین دەرئەنجامەکاندا کە بەدەست هاتوون بریتییە لە چۆنیەی روانینی رای گشتی بۆ «رووداوەکە». لە سەدا ٤٢ی ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە باوەڕیانوایە رووداوی ١٧ی کانوونی یەکەم پەردە لادانە لەسەر گەندەڵیەکی بەربڵاو و بەرتیل خواردنێکی گەورە کە وەزیرەکانی کابینەکەی و خزمەکانیانی تێیدا تێوەگلاون. تەنها لە سەدا ٢٤ی خەڵك باوەڕیانوایە کە ئەمە هەوڵی کودەتا بوو بۆ رووخاندنی حکومەتەکە. لە سەدا ٢٥یان باوەڕیان وایە کە هەردوو کەیسەکە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و بەیەکداچوون. کەواتە پێدەچێت ئەو تێڕوانینە زۆر بەربڵاو بێت کە بەرتیل خواردن لە ئارادایە بە بەراورد بە بوونی هەوڵێکی شەڕانگێزی کودەتا لەلایەن ئەکتەرە ناسیاسییەکانەوە.

بەم دواییە رای گشتی جێگۆڕکێ و دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری کارمەندی بینی لە دەزگای پۆلیس و دەسەڵاتی قەزائیدا(بە تایبەتی داواکارە گشتییەکان) کە پەیوەندیدار بوون بە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی ئەو کەیسانەی بانگەشەی ئەوە دەکرا کە بەرتیل خواردنیان تێدا روویداوە. حکومەتەکە ئەم کەسانەی بەوە تۆمەتبار کرد کە هەڵساون بە بەزاندنی سنووری کاری پیشەییان. کەواتە گرنگ بوو بزانین کە ئایا ئەم کاردانەوەیەی حکومەت بەرامبەر پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەری هەوڵێك بوو بۆ پەردەپۆشکردن- ئەم تۆمەتانە- یان هەوڵێك بوو بۆ رێگرتن لە ئەنجامدانی کودەتایەك لە دژی حکومەتەکە. دەرئەنجامەکە دەریخست کە لە سەدا ٧٠ی خەڵکی باوەڕیان وایە کە تۆمەتەکان دژ بە وەزیر و خزمەکانیان راستن. لەوەش زیاتر، لە سەدا ٦٢ی خەڵك باوەڕیانوایە کە حکومەت فشاری خستۆتەسەر پۆلیس و داواکارانی گشتی و دادوەران. شتێکی سەیرە ببینین کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەدای خراپی دەسەڵاتی دادوەری لە رابردوودا، ئەوا لە سەدا ٦٤ی خەڵك باوەڕیان بە کارایی و بێلایەنی ئەم دەسەڵاتە نییە. ئەوانەی متمانەیان بە دەسەڵاتی دادوەری هەیە تەنها لە سەدا ٢٦ی دەنگدەران پێکدەهێنن.

بە هەمان شێوە راگەیاندنیش میسداقیەتێکی نزمی هەیە. لە سەدا ٦٤ی خەڵك باوەڕیان وایە کە راگەیاندن بە شێوەیەکی گونجاو رای گشتی ئاگادار نەکردۆتەوە. حکومەتیش پشکی بەردەکەوێت لە پەردە پۆشکردنی لێکۆڵینەوە و دادوەریەکانی پەیوەست بە کەیسی بەرتیلەوە. لە کاتێکدا لە سەدا ٣٢ی خەڵك باوەڕیانوایە کە حکومەت هەوڵی شاردنەوەی کەیسەکە نادات، ئەوا لە سەدا ٥٨ی خەڵك باوەڕیانوایە کە هەوڵی رەسمی هەیە بۆ پەردە پۆشکردنی. کاتێك پرسیاری ئەوەیان لێکرا ئایا رووداوەکەی ١٧ی کانوونی یەکەم متمانەی ئەوانی بە حکومەت لەقکردووە، لە سەدا ٤٨ی خەڵکەکە وتوویانە کە ئەوان متمانەیان بە حکومەت کەم بۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەسەدا ٣٤ یان تێڕوانینیان نەگۆڕاوە. پێدەچێت تەنها متمانەی لە سەدا ١٣ی وەڵامدەرەوەکان لە ئاست حکومەتدا زیادی کردبێت.

ئەوەی پەیوەندی بە «لایەنەکەی دیکە»ی ناکۆکییەوە هەبێت، کە لەلایەن حکومەتەوە بە «دەوڵەتی هاوتەریب» ئاماژەی بۆ دەکرێت، یان بە «چەتە»، بەڵام بە زۆری پێی دەوترێت «کۆمەڵەکە»ی نێو خەڵك، ئەوا پێدەچێت لەدەستدانێکی زۆری متمانە هەبێت بەرامبەر بەم گروپە. لە کاتێکدا لە سەدا ٢٠ی وەڵامدەرەوەکان بە ئیجابی باسی ئەم کۆمەڵەیە دەکەن، ئەوا لە سەدا ٦٠یان بۆچوونێکی سلبیان هەیە لە ئاستیدا. لە سەدا ٥٧ی خەڵك باوەڕیان وایە کە ئەم کۆمەڵەیە دەوڵەتی هاوتەریب پێکدەهێنێت (لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت).

متمانە یان نەبوونی متمانە پەیوەندیەکی نزیکی بەوەوە هەیە کێ بەراست دەزانرێت. کاتێك پرسیاری ئەوە کرا «کێ بە راست دەزانیت لەم ناکۆکیەکدا، حکومەت یان کۆمەڵەکە؟ لە سەدا ٢٩ی خەڵك بە گشتی، لە سەدا ٥٤ی پشتیوانەکانی ئاك پارتی، لە سەدا ٦ی پشتیوانەکانی جەهەپە، لە سەدا ١١ی پشتیوانەکانی مەهەپە و لە سەدا ١٣ی پشتیوانەکانی بەدەپە وتیان :»حکومەت راستە». بە پێچەوانەوە، لە سەدا ٦ی خەڵك بە گشتی، لە سەدا ٥ی پشتیوانەکانی ئاك پارتی، و لەسەدا ٧ی پشتیوانەکانی جەهەپە، و لە سەدا ١٠ی پشتیوانەکانی مەهەپە و لە سەدا ٣ی پشتیوانەکانی بەدەپە وتیان: «کۆمەڵەکە لەسەر هەقە». لە سەدا ٤٥ی خەڵك باوەڕیان وایە « هیچیان لەسەر هەق نین».


دووبارە ئەوە روونە کە هیچ براوەیەك نییە لە ناکۆکییەکەدا. رای گشتی کارتی زەردی بەرزکردۆتەوە بۆ هەموو ئەکتەرە سیاسییەکان و ئاماژە بەوە دەکات لە ناوخۆدا دادپەروەری و سەقامگیری و گەشەگردنی دەوێت.

**هیچ کەسێک نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ دواوە، لەبەر ئەوەی «سەردەمێکی زێڕین» نییە لە تورکیا کە بمانەوێت بۆی بگەڕێینەوە و بیژیەنینەوە**

**هێشتا هاووڵاتیان وحکومەتی تورکیا دەتوانن خۆشحاڵبن کە بێ ئومێدی تێڕوانینی باو و بڵاو نییە لە نێو خەڵکدا، گرنگترن فاکتەریش بریتی بووە لە متمانەی بەردەوامی پشتیوانەکانی ئاک پارتی لە پارتەکەیان/ حکومەتەکەیان**

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**




ستیفن بیدل
تایبەتمەند لەسیاسەتی بەرگری ئەمریکا بۆ گوڵان:

# ئێستا شەڕێکی ناوخۆیی مەزهەبی لەنێوان شیعە و سوننە لە عێراق و سوریا هەیە و ئاکامەکەشی کارەساتی مرۆیی لێدەکەوێتەوە

**پێیوایە رۆژئاوا بۆ ماوەیەکی دیکەش خۆی لە دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا لادەدات**

**پرۆفیسۆر ستیفن بیدل تۆژەری باڵایە لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە و تۆژەرە لەسەر سیاسەتی بەرگری ئەمریکا و بە شێوەیەکی مەیدانی کاری راوێژکاری ژەنرال پەتریۆسی کردووە لەو کاتەی کە ئەمریکا بڕیاری زیادکردنی هێزی بۆ عێراقدا و دوای ئەویش لەگەڵ ژەنرال ستانلی ماککریستال لە ئەفغانستان کاری کردووە، ستیڤن بیدل یەکێکە لەو تۆژەرە باڵایانەی کە راوێژ دەداتە حکومەتی ئەمریکا، بۆ قسەکردن لەسەر هەڵوێستی رۆژئاوا بەگشتی بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سوریا بەتایبەتی، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر بیدل کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئاشکرایە کە چارەسەری ئاشتی و دیالۆگ کێشەکانی سوریا چارەسەر ناکات و ئەسەد بەمجۆرە ناڕووخێت، ئایا تاچەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتی رۆژئاوا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت؟**

- پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رۆژئاوایی خۆیان لە دەستێوەردانی سەربازی لادەدەن و کارەکانیان لە هاوکاری مرۆیی و لێدوانی سیاسی و دیپلۆماسیدا کورت دەکەنەوە، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی دیکە. ئاشکرایە هێزەکانی دیکە زەقتر دەستێوەردانیان کردووە، وەك سعودیە و قەتەر و ئێران و روسیا، بەڵام پێموایە بۆ ماوەیەکی دیکەش رۆژئاوا خۆی لە دەستێوەردانی سەربازی لادەدات.

*** ئێستا رژێمی ئەسەد دەیەوێت جیهان چەواشە بکات و بانگێشەی ئەوە دەکات کە ئەو شەڕی تیرۆریستان دەکات و شەڕەکەی ئەو لەگەڵ قاعیدەیە، ئایا تاچەند دەتوانێت درێژە بەم کارەی بدات؟**

- بە گوێرەی پێناسەی ئەکادیمی بۆ شەڕی ناوخۆ، ئەوا سوریا لە شەڕی ناوخۆدایە، میسر لە شەڕی ناوخۆدایە و عێراقیش لە شەڕی ناوخۆدایە کە توندتر دەبێت. ئاشکرایە بەشێکی ئەمە لەمیسر و سوریا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، بەڵام لە عێراقدا پەیوەندیەکی زۆری پێوە نییە. یەکێك لە کاریگەریەکانی بەهاری عەرەبی ئەوەبوو کە ئەو دابەشبوونە مەترسیدارەی نێوان شیعە و سوننەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕی بە دابەشبوونێکی توندوتیژ و شەڕێکی راستەقینە لە شوێنێکی وەك سوریا، و هەروەها ئەگەرەکانی ئەو شەڕە راستەقینەیەی زیاتر کرد لە عێراقدا، بەهۆی ئەو کێشانەی پێش بەهاری عەرەبی بوونیان هەبوو. سەبارەت بە شەڕی تیرۆریستانیش، ئەوا ئەدەبیاتی یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوون ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەگەر تیرۆریستان لە دەرەوەی ئەو وڵاتەی شەڕی تێدایە نەوایەکیان هەبێت داڵدەیان بدات، ئەوا ئەگەری سەرکەوتنیان زیاتر دەبێت. کەواتە ئەگەر میلیشیاکانی سوریا کامپیان هەبێت لە عێراقدا ئەوا ئەمە توانای ئەوان زیاتر دەکات، سەد دەر سەد نابێتە هۆی سەرکەوتنیان، بەڵام دەرفەتی سەرکەوتنیان زیاتر دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئاکامە مرۆییەکانی ئەم شەڕە پتر تەشەنە دەکات، حاڵی حازر کارەساتی مرۆیی لە عێراق و سوریادا هەن، کە بۆی هەیە خراپتر بن، و تێوەگلانی ئەوانی دیکەش لەم شەڕەوە مایەی کارەسات دەبێت بۆ ئەوانەی بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن. سەبارەت بەمیسریش هەروەك پێشتر وتم شەڕ بەلایەنێك ناکرێت، ئەگەر شەڕی ناوخۆیی میسر توندتر بێتەوە، ئەوا ئەمە زۆر مەترسیدارە بۆ هەموو میسریەکان و بۆ هەموو لایەك. ئەگەر ئیخوان موسلمین بڕیاری چاوپۆشین لە کودەتا و دەرئەنجامەکانی بدەن، ئەوا شەڕی ناوخۆ دروست نەدەبوو، بەڵام ئەگەر کودەتاش روونەدایە، هەر شەڕی ناوخۆ دروست نەدەبوو. کەواتە لە میسردا دوولایەن هەن کە ئامانجەکانیان تەواو دژ بە یەکتریە و نالێبوردەن لە ئاست یەکتردا و ئامادەن پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، لەبری ئەوەی ناکۆکیەکانیان ئاشتیانە چارەسەر بکەن. دەتوانیت ئۆباڵی ئەوە بخەینە ئەستۆی ئیخوان و دەتوانیت ئۆباڵەکەش بخەیتە ئەستۆی جەنەراڵەکان. لە راستیدا ئەوەی هەیە شکستی پرۆسە سیاسیەکەیە بۆ یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیە جیاوازەکان و کارێکی باش دەبوو بێ شەڕ ئەمە چارەسەر بکرایە، بەڵام پێناچێت ئەمە رووبدات.

*** تا چەند سەقامگیری و گەشەکردنی کوردستان کە بەشێکە لە عێراق بەردەوام دەبێت و لەم بارەیەوە بۆچوونت چییە؟**

- زۆر زەحمەت دەبێت بۆ کوردستان کە خۆی بە دوور بگرێت لە شەڕی نێوان شیعە و سوننە لە عێراقدا کاتێك توندتر دەبێتەوە. بەشێکی کێشەکە ئەوەیە ئەلقاعیدە دەستڕۆیشتووە لە ناوچەیەکدا کە زۆر نزیکە لە کوردستانەوە، لە باکوری عێراق. هەروەها بەشێکی دیکەی کێشەکە ئەوەیە لایەنێك یان دوولایەنی شەڕەکە بەرژەوەندیان هەبێت لە بەرفراوانترکردنی شەڕەکە، کاتێك ئەم شەڕە توندوتر دەبێتەوە. لەبەر ئەوە لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز کوردستان بەرژەوەندیەکی بەهێزی هەیە لەوەی چارەسەرێك بۆ ناکۆکی مالیکی و سوننەکان بێتەئاراوە، لەبری ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شەڕی ساڵی ٢٠٠٦.

*** ئایا تاچەند ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ رۆژئاوا گرنگە، لەکاتیکدا خەریکە ئەم ناوچە گرنگە دەبێتە ناوچەیەك بۆ ئاژاوە و ناسەقامگیری؟**

- هۆکاری سەرەکی بایەخپێدانی رۆژئاوا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بریتی بوو لە گرنگی وزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئابووری جیهانیدا و لاوازبوونی ئابووری جیهانیش گرنگیدانی بە ناوچەکە زیاتر کردووە. بۆ نموونە نیگەرانی لەوەی ئایا کوەیت رادەکێشرێتە توندوتیژی و شەڕی ناوچەکەوە، ئیعتیبارێکی گەورەیە لە سیاسەتی رۆژئاوادا و بە دڵنیاییەوە بە گرنگی دەمێنێتەوە.

### پرۆفیسۆر عەلی سوڵتان ئەسەنی لە زانکۆی هارڤارد بۆ گوڵان:

# ئیخوان موسلمین بانگەشە بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام ئەندامەکانی وەک ئیسلامی ئسوڵی پەروەردە دەکات

**پرۆفیسۆر عەلی سوڵتان ئەسەنی ئوستادی بەشی زمانەکانی رۆژهەڵاتی نزیك و شارستانیەت و بەڕێوەبەری سەنتەری وەلید بن تەلاڵە بۆ دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆی هارڤارد، تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی بەراوردکاری ئیسلام و کەلتوری وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ جیهانی کریستان و ئاینەکانی دیکە، بۆ خوێندنەوەی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی ئێستا ناوچەکەی گرتۆتەوە و هەموو هێزەکان دەستە وەستانن لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر عەلی سوڵتان ئەسەنی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**بەشێکی گەورەی هۆکاری ئەوەی ئێمە بە بنبەستگەیشتووین و خراپتریش دەبێت ئەوەیە هێزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک سعودیە و قەتەر و هتد تموحی سیاسی و ئایدیای سیاسی خۆیان هەیە و هەوڵدەدەن هێز و دەستڕۆیشتوویی خۆیان مومارەسە بکەن**

*** ئەوەی لە ئێستادا هەموو چاودێرێکی سیاسی هەستی پێدەکات، بریتییە لە بێتوانایی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا تا چەند بارودۆخەکە بۆتە کۆسپێك لەبەردەم سیاسەتی جیهانی کە زاڵبوون بەسەریدا زەحمەتە؟**

- بەڵێ من هاوڕام کە ئێمە گەیشتووینەتە جۆرێك لە بنبەست، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە وەك گۆڕەپانی شەڕی بە وەکالەت بەکارهێنراوە، شەڕی ئایدۆلۆژی، و هەر تەنها هێزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێوەنەگلاون، بەڵکو ئەمریکا و روسیا و ئەوانی دیکەش داینامیکیەتی پەیوەندیەکانی خۆیان خستۆتەگەڕ لە شوێنێکی وەك سوریادا. بەشێکی گەورەی هۆکاری ئەوەی ئێمە بە بنبەستگەیشتووین و خراپتریش دەبێت ئەوەیە هێزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك سعودیە و قەتەر و هتد تموحی سیاسی و ئایدیای سیاسی خۆیان هەیە و هەوڵدەدەن هێز و دەستڕۆیشتوویی خۆیان مومارەسە بکەن. و وڵاتێکی وەك سوریاش تەواو ناسەقامگیربووە، هەروەك لە کۆنفرانسی ئەم دواییە بینیمان....لەبەر ئەوە پێموایە بە راستی پێویستمان بە دیپلۆماسیەتێکی زۆر ژیرانە هەیە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە، بەڵام لەم ساتەوەختەدا دیپلۆماتیەتێکی ئەوەندە ژیر نابینم بۆ ئەوەی بارودۆخەکە چارەسەر بکات.

*** هەموو کەس خۆشحاڵ بوو بە گۆڕانکاریەکانی وڵاتانی عەرەبی، بەڵام لەبری کرانەوە بە رووی دیموکراسی و سەقامگیریدا، ئێستا پشێوی و ناسەقامگیری هەیە کە هەموو کەس نیگەرانە لە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، ئایا تا چەند ئەمە ئەگەری ناسەقامگیری لێدەکرێت؟**

- بە تێڕوانینی من بەهاری عەرەبی گۆڕاوە بۆ مۆتەکەی عەرەبی، بە تایبەتی بۆ خەڵکی ناوچەکە. ئەگەر لە بارودۆخی ئاوارەکان بڕوانیت، ئەوا خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوونە، ئەگەر لە خەڵکی سوریا بڕوانیت، ئەوا کارەساتێکی مرۆیی زۆر گەورەیە. هەروەها ئەگەر لە میسری ئێستا بڕوانیت کە مافە مەدەنیەکان پێشێل دەکرێن. کەواتە لەسەر زۆر ئاست- نەك لە هەمو شوێنێك- ئەوەی پێی دەووترێت بەهاری عەرەبی گۆڕا بۆ مۆتەکەیەك. لە بەشێکیدا لەبەر ئەوە بوو کە هێزگەلێکی هێنایەئاراوە کە ناتوانن فرەیی قبوڵ بکەن، فرەیی ئیتنی و هەروەها فرەیی تەفسیرکردنی ئاینی، بەڵکو بەرەو تائیفیەت رۆیشتن و ئاینیان بەکارهێنا بۆ برەودان بە ئەجێندای خۆیان. ئەگەر نیازی بەهاری عەرەبی هێنانەدی دیموکراسی بووبێت، ئەوا یەکێك لە پێداویستیە بنەڕەتیەکان بریتییە لە دانان بە جیاوازی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانیدا، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نیشتمانی پێکهاتووە لە فرەیی ئاین و فرەیی ئیتنی و فرەیی زمانەوانی، کەواتە پێویستە هەموو کەسێك هەست بکات بەشێکە لە دەوڵەتی نیشتمانی. یەکێك لە پێداویستیەکانی دیموکراسی هەر



ئەوەنییـــە خەڵكی بتوانـــن دەنگ بـــدەن، بەڵكو مافی كەمینەكانیـــش بپارێزرێـــت، هەموو دیموكراســـیەتێكی كارا كەمینـــەكان دەپارێزێـــت، بە شـــێوەیەك كە مافی حكومڕانی زۆرینە نەبێتە دیكتاتۆریەتی زۆرینە. ئەمەش لە دیموكراســـیەتەكانی رۆژئاوا پێشـــمەرجە. خەڵكی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا لە باسكردنی دیموكراسیدا باس لـــە هەڵبژاردن دەكـــەن، بەڵام پێداویســـتیەكی بنەڕەتی دیموكراسی بریتییە لە توانای پاراستنی مافی كەمینە، بـــۆ ئەوەی دەوڵەت بۆ هەموو كەســـێك بێـــت نەك تەنها گرووپێك یان دوو گرووپ. تاوەكو ئەمە جێبەجێ نەكەین، ئەوا زەحمەتە لەم تەنگژەیە دەربچین.

*** ئیخوان موسلمین كە وەك رێكخراوێكی میانڕەو خۆیان پیشـــان دەدا، بەم دواییە دەستیان دایە كاری توندوتیژی و تیرۆریستی، ئەمەش بە مانای ئەوەدێت تیرۆریزمێكی دیكەی ئیســـلامی هەڕەشـــە لەم ناوچەیە دەكات، تا چ راددەیەك توندوتیژی و تیرۆری ئیخوان موسلمین هەڕەشە لە میسر و دیموكراسی ئەو وڵاتە دەكات؟**

- لە كاتێكدا ئیخوان موسلمین لەسەر بیرۆكەی دادپەروەری كۆمەڵایەتی بنیاتنراوە و ئایدیایەكی زۆر بەكاردەهێنن كە ئەوان بانگەشـــەی ئەوە دەكەن لە شـــەریعە و لە قورئاندا چەســـپێنراوە، بەڵام ئیسلامێكی ئوســـوڵی فێری خەڵك دەكەن لەبارەی قبوڵكردنی مافی جیاوازبوونی خەڵكەوە، بۆ نموونە لە قورئاندا ئایەتێك هەیە باس لەوە دەكات خوا ئێمەی لەسەر شێوەی گەل و هۆز دروستكردووە بۆ ئەوەی یەكتر بناسین و لەیەكتریەوە فێربین، كەواتە قورئان كاتێك بـــاس لە مامەڵەكردن لەگەڵ خەڵكـــی جیاوازدا دەكات، ئـــەوا جیاوازیەكەیان قبـــوڵ دەكات و ناچاریان ناكات بە شـــێوەیەكی دیاریكراو بن، بۆ نموونە ناچاركردن لە ئایندا نییە. كەواتە بەلای منەوە كاتێك ئیخوان موسلمین باسی ئەوە دەكەن پارتێكی ئیسلامیســـتن، یان پرەنســـیپەكانی ئیسلام بەكاردەهێنن، ئەو پرەنسیپانە هەڵدەبژێرن كە خۆیان دەیانەوێت و تەركیزی لەسەر دەكەن. بەڵام كاتێك ئیسلام بـــاس لەوە دەكات بـــە جیاوازی ئێمەی دروســـتكردووە، ئەوا دەبێت رێـــزی لێبگرین و قبوڵی بكەین و مامەڵەی لەگەڵدا بكەین، هەربۆیە لە قورئاندا باســـی مەسیحی و جولەكە كراوە وەك ئەهلی كیتاب و باس لەوە كراوە مافی ئەوەیان هەیە ئازادانە ئاینی خۆیان مومارەسە بكەن، بەڵام ئاشـــكرایە ئیخوان موســـلمین تەركیز لەسەر ئەو بەشەی ئیســـلام ناكات. كەواتە بەلای منـــەوە ئەو خەڵكانە ئاین و دەقە ئاینییەكان بەكاردەهێنن بۆ مەرامە سیاســـیەكان و ئینجا بانگەشـــەی ئەوە دەكەن ئەمە تەواو ئیسلامیە، ئەمەش نیفاقە، لەبەر ئەوەی چەند شتێكی سەرەكی هەیە لە ئیســـلام و قورئاندا لەبـــارەی قبوڵكردنی جیاوازی و رێزگرتـــن لە جیاوازیەوە، نەك لێبوردەبوون، بەڵام رێزگرتن لە مافی خەڵك بەوەی جیاواز بن، كە ئەوان فەرامۆشـــی دەكەن.

**ئەوەی پێی دەووترێت بەهاری عەرەبی گۆڕا بۆ مۆتەكەیەک. لە بەشێكیدا لەبەر ئەوە بوو كە هێزگەلێكی هێنایەئاراوە كە ناتوانن فرەیی قبوڵ بكەن، فرەیی ئیتنی و هەروەها فرەیی تەفسیركردنی ئاینی، بەڵكو بەرەو تائیفیەت رۆیشتن و ئاینیان بەكارهێنا بۆ برەودان بە ئەجێندای خۆیان**

**کاتێک ئیخوان موسلمین باسی ئەوە دەکەن پارتێکی ئیسلامیستن، یان پرەنسیپەکانی ئیسلام بەکاردەهێنن، ئەو پرەنسیپانە هەڵدەبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت و تەرکیزی لەسەر دەکەن**

**هەموو دیموکراسیەتێکی کارا کەمینەکان دەپارێزێت، بە شێوەیەک کە مافی حکومڕانی زۆرینە نەبێتە دیکتاتۆریەتی زۆرینە**

*** تیرۆریستان خەریکە لەناوچەکە باڵادەست بن، بە ئاسانی هاتوچۆ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەکەن و کردویانەتە نەوایەك بۆ خۆیان، ئایا ئەمە تا چەند شەڕی تیرۆر بۆ رۆژئاوا زەحمەت دەکات؟**

- پێموایە ئەل قاعیدە بەرهەمی سیاسەتی رۆژئاوایە بۆ ناوچەکە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی کۆتایی حەفتاکان، کاتێك سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیرکرد ترس هەبوو لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم، لەبەر ئەوە بیرۆکەی جیهاد وروژێنرا دژی یەکێتی سۆڤیەت کە لەلایەن هێزە رۆژئاواییەکانەوە پشتیوانی زۆر بەهێزی لێکرا، لەبەر ئەوە جیهادی ئیسلامی دروست بوو و لە دژی کۆمۆنیزم و یەکێتی سۆڤیەت بەکارهێنرا، و خەڵکێکی زۆر لە موسڵمانەکان پەیوەندیان پێوەکرد، کە هەندێ جار دارایی بۆ دابینکرا، بۆ نموونە لەلایەن هەواڵگری ئەمریکاوە، بۆ ئەوەی ئەم جیهادە دژی یەکێتی سۆڤیەت بەکاربهێنرێت. ئەمە گروپی زۆر بەهێزی دروست کرد... و نوێنەرایەتیەکی نوێی ئیسلامی جیهادی دروستکرد کە ئێستا لە هەموو شوێنێك بڵاو دەبێتەوە. دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم و تێکشکانیان لە ئەفغانستاندا ئەم جیهادە دژ بە هێزەکانی رۆژئاوا وەستایەوە، یان دژ بەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی وەك بەرهەمی هێزە رۆژئاواییەکان سەیریان کرا. کە خیتابی جیهادیان بەکارهێنا. بەڵام دەبێت بزانین کە ریشەی ئەمە لە کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان. واتە بەرهەمی ئەمەیە. لە راستیدا زۆرێك لەو پرسانەی ئێمە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین بەرهەمی کۆلۆنیاڵیزمە و ناسیۆنالیزم و سیاسەتی سوپەر پاوەر، بە تایبەتی لە سەردەمی کۆمۆنیزمدا و ئێمە هێشتا لەنێو ئاکامەکانی ئەمەدا دەژین. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پەرە بە دیموکراسی بدەین لەم ناوچەیەدا. پێموایە مەسەلەی سەرەکی- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد- بریتییە لە پێوەرە بنەڕەتیەکانی دیموکراسی، وەك دانان بە مافی ئەوانی دیکە بۆ ئەوەی جیاوازبن، نەك سەپاندنی تەفسیرێکی دیاریکراو بەسەر هەمواندا، خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە جیاوازبن، ئەوە پێوەرێکە، پێوەرێکی دیکە ئەوەیە پێموایە تەلاعوبکردنێکی زۆر هەیە لەلایەن گروپگەلێکی زۆرەوە بە ئاینەوە کە رێسا ئەخلاقیەکانی ئاین پیادە ناکەن، دەکرێت بە پەروەردەکردنی خەڵك لەبارەی پرسە ئاینییەکانەوە بتوانین بەرەنگاری ئەم تەلاعوبکردنی سیاسیە بە ئاین ببین. چونکە پێموایە زۆربەی موسڵمانان نەخوێندەواری ئاینین، و بیرکردنەوەیەکی رەخنەگرانەیان نییە لە ئاست ئیسلامدا، دەرئەنجامەکەش ئەوەیە هەر کەسێك دێت و دەڵێت ئەمە ئیسلامە- ئەوا لەبەر ئەوەی خەڵکە ئاساییەکە پەروەردە نەکراون بە ئیسلام- دەڵێن رەنگە ئەمە راست بێت، ئەو کاتە تەلاعوبی پێدەکرێت. لەبەر ئەوە ئەم نەزانینە بەرامبەر پرەنسیپەکانی ئیسلام و مێژوو و هتد هەیە، ئەوا گروپەکانی وەك ئەل قاعیدە دەڵێن ئەمە تەفسیری ئیسلامی و ئەمە تەفسیری قورئانە و خەڵکیش ئامرازی پێویستیان نییە بۆ تەحەددیکردنی ئەم بانگەشانە.

*** رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەترین سەرچاوەی وزەی تێدایە لە جیهاندا، ئەگەر تیرۆریستان سەرچاوەی ئەم وزەیە بخەنە مەترسیەوە تا چەند جیهان دووچاری قەیرانی ئابووری دەبێتەوە؟**

- پێموایە هۆکاری چالاکبوونی گروپی قاعیدە و بوونی هێزە رۆژئاواییەکان و چالاکی سعودیە و ئێران هەموو پەیوەستە بە هێزی ئابووریەوە، بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوتە. پوختەی مەسەلەکە لە پەیوەندیدا بەم گرووپانەوە ئەوەیە چۆن ئەم سەرچاوانە کۆنترۆڵ دەکەیت، بەتایبەتی نەوت، هەروەها سەرچاوەکانی دیکە، بە چەشنێك بتوانرێت ئەم دەستڕۆیشتوویيە بەکاربهێنین، وەك جۆرێك لە ئیبتیزاز، وەك تاوەکو کارێکی دیاری کراو نەکەیت، ئەوا نایەڵم دەستت بەم سەرچاوانە بگات. ئەگەر بیرتان بێت لە حەفتاکاندا جۆرێك لە ئابڵوقەی نەوت بەکارهات و رۆژئاواش زیانی کرد لەمە. کەواتە ئەم بیرۆکەیە لای رێکخراوێکی وەك ئەل قاعیدە هەیە کە کۆنترۆڵی نەتەوەکەو سەرچاوەکانی بکات بۆ ئەوەی ئیبتیزازی هێزە رۆژئاواییەکان بکات. واتە بەشێك لە شەڕێکی گەورەتر.

*** ئەسەد لە سوریا و مالیکی لە عێراق دەیانەوێت شەڕی تائیفی نێوان شیعە و سوننە بگۆڕن بۆ شەڕی تیرۆر، واتە لە عێراق و سوریا شەڕی سوننە بە ناوی تیرۆرەوە دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی شەرعیەت بە شەڕەکەیان بدەن، ئایا ئەگەر لە ناوچەکەدا شەڕی شیعە و سوننە بەرپا بێت، ئایا تا چەند ئەمە دەبێتە مایەی کارەساتێکی مرۆیی؟**

- ئەم شەڕە بۆتە یەکێك لە کارەساتە گەورەکان لە سەدەی بیست و یەکدا، دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك و لەم کارەساتە مرۆییەدا ملیۆنەها خەڵك بێ ماڵ و حاڵ بوونە، کە هەمووی بە شێوەیەکی دیاریکراو بەرئەنجامی سیاسەتی دەرەوەیە کە خەڵکی دەیانەوێت هێزی خۆیان بەکار بهێنن، ئەگەر لە شوێنێکی وەك سوریا بڕوانیت، ئەوا خەڵکی گومان لەوە دەکەن کە ئایا سەقامگیری لە سوریادا هەبووە تەنانەت پێش ئەم پشێویە، دۆخێکی زۆر باش نەبووە و پێشێلکاری مافە مەدەنیەکان هەبووە، بەڵام بەلای کەمەوە خەڵکی خواردن و خانوویان هەبووە، واتە جۆرێك لە سەقامگیری هەبوو، بەڵام هەموو ئەمانە بەوە تێکچوون کە بڕیاریاندا دەبێت رژێمی بەشار ئەسەد بگۆڕن، بەڵام بیریان لەوە نەکردەوە کە دەرئەنجامەکانی چی دەبن و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

# پێشکەوتنخوازترین دەستور لەجیهانی ئیسلام



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

مانگی رابردوو، لەکاتێکدا چاوەڕوان دەکرا ئەزموونی بەهاری تونس بەدەردی ئەزموونی بەهاری میسر بچێ، تونسییەکان بە راگەیاندنی دەقێکی دەستووریی پێشکەوتوو سەرنجی جیهانیان بەلای خۆیاندا راکێشا. بایەخی دەستوورەکەی تونس لەدوو خاڵدایە. یەکێکیان ئەوەیە کەدەقەکە ئەوپەڕی سازانی لەسەر کراوە بە رادەیەك کە سازانەکە خەریکە شان لەشانی کۆدەنگی دەدا، چونکە رێژەی ٩٢٪ی بەدەست هێناوەو تەنها ١٢ ئەندامی پەرلەمانی راگوزەر رەتیان کردۆتەوەو ٨یش دەنگیان نەداوە. خاڵی دووەم ئەوەیە کەدەقەکە، بە بەراورد لەگەڵ هەموو دەستوورەکانی دەوڵەتانی باکوری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلام، بەپێشکەوتووترین دەقی دەستووری دەژمێردرێ و پەسندکردنی، لەسەرتاسەری جیهاندا، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

لەوڵاتە عەرەبییەکاندا تونس تاکە وڵاتە کە کۆمەڵگاکەی بەکۆمەڵگایەکی مەدەنی یان نزیك لەمەدەنی ناوزەد دەکرێ و بەیەکێ لەو وڵاتە بەژمارە کەمانەی جیهانی ئیسلام دادەندرێ کەخاوەنی دەستەبژێکی بەهێزی سکیولارو لیبرال و چەپە.

دەستوورەکە زادەی سازانی نێوان ئیسلامییەکان و لیبرالەکانە. سەرکردەکانی گروپی بان چەپ و ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی چەپ و کۆمۆنیستەکان و گروپە لیبرالەکانی تر دەنگیان پێ داوەو لەلێدوانەکانیاندا بەم جۆرە باسیان کردووە کەدەستووری تونس «یەکەم دەستووری پێشکەوتنخوازە» لەجیهانی عەرەب و «بنەماکانی دیموکراسی و ئازادییەکان و کرانەوەی بەرجەستە کردووە». لەبەرامبەردا ئیسلامییەکان تێیدا زۆر پێداگرییان لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەت نەکردووەو لەمەسەلەی ناسنامەی دەوڵەتدا گەڕاونەتەوە سەر دەستووری ١٩٥٩ کەئەم مەسەلەیەی یەکلا کردۆتەوە. سازانەکە چەردەیەك مەسەلەی بە رەزامەندیی هەردوولا براندۆتەوە لەوانە ئاینی دەوڵەت و هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر بەئاین و ئازادیی رێوڕەسمی ئاینی بەقازانجی ئیسلامییەکان و مەدەنیبوونی دەوڵەت و سەروەریی یاساو لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پابەندبوونی دەوڵەت بەبڵاوکردنەوەی بەهاکانی میانڕەوی و لێبوردەیی و قەدەغەکردنی تەکفیر بەقازانجی لیبرالەکان. لەهەندێ رووەوە دەستووری تونس لەدەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق دەچێ کە دەستوورێکە زادەی سازانی نێوان لیبرالەکان و ئیسلامییەکانە، بەڵام دەستووری تونس هەنگاوێك لەپێش دەستووری عێراقەوەیە، ئەویش بەوەی کەدەوڵەت لەتونس دەوڵەتێکی مەدەنییەو ئەم خاڵە یەکێ لەو خاڵانەیە کەهەموار ناکرێتەوە.

لە دیباجەدا دەستووری تونس جەختی کردۆتە سەر چەند بنەمایەك کە لەدەستووری هیچ وڵاتێکی عەرەبیدا نییە لەوانە بێلایەنیی حکومەت و هاوسەنگیی نێوان سێ دەسەڵاتەکەو حوکمڕانیی باش و سەروەریی گەل و مەدەنیبوونی دەوڵەت و بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەم بنەمایانە ماددەی ١٤٣ جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە دەیباجەکە بەشێکی دەستوور پێکدێنێ. دەستووری تونس روخسارێکی ناسیۆنالیستی بەناسنامەی دەوڵەت نادا. ئەگەر دەقی ماددەی ٥ بە دابڕاوی وەربگیرێ، تونس بەشێکی جیهانی عەرەب پێکناهێنێ، بەڵکو «بەشێکی مەغریبی عەرەبی» پێکدێنێ کەئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاراستەی ستراتیجیی تونس بەرەو رۆژئاوا نەك بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبا.

ماددەی ٦ ئەگەرچی ئەو ئەرکە بەسەر دەوڵەتدا دەسەپێنێ کەبایەخ بەئاین بدا، بەڵام لەهەمان کاتدا ئازادیی بیروباوەڕو ویژدان دەسەلمێنێ و دەوڵەت بەو ئاراستەیە دەبا کە «بێلایەنیی مزگەوتەکان و پەرستگاکان» دەستەبەر بکات و رێ بەهیچ لایەنێك نەدات مزگەوت و پەرستگاکان بۆ «مەبەستی حزبی» بەکار بهێنێ. لەماددەی ١٢و١٤دا دەستوور بەدی هێنانی «پەرەپێدانی بەردەوام» و «بەگەڕخستنی ژیرانەی سامانە نیشتمانییەکان» دەکاتە بەشێك لەئەرکەکانی دەوڵەت و بنەمای «شەفافیەت» و «لێپرسینەوە»ی بەسەردا دەسەپێنێ. ئەمە بەم واتایە دێ کەهەر بەفیڕۆدانێکی سامانە سروشتیەکان و هەر هەوڵێك بۆ خۆدزینەوە لە ئاشکراکردنی داهاتی سامانە سروشتییەکان بەبێ لێپرسینەوە تێناپەڕێ. هەر وەك دەستوور پێی لەسەر بێلایەنیی مزگەوتەکان داگرتووە، پێی لەسەر بێلایەنیی دام و دەزگاکانی پەروەردەش داگرتووەو وەك چۆن حزبایەتیی لەمزگەوتەکان قەدەغە کردووە، حزبایەتیی لەدام و دەزگاکانی پەروەردەش قەدەغە کردووە کەئەمەش خۆی لەخۆیدا رەنگدانەوەیەکی کتومتی چەمکی مەدەنیبوونی دەوڵەتە.

بەهەمان پێودانگ، دەستوور حزبایەتیی لەسوپا قەدەغە کردووەو سوپای پابەند کردووە بەبێلایەنیی تەواو و دوورکەوتنەوە لەپشتگیری کردنی فڵان حزب و فیسار گروپی سیاسی. بەکردەوە، دەوڵەت بەبێ کردنی سوپا بەدامەزراوەیەکی نیشتمانی، نابێتە دەوڵەتێکی مەدەنی.

بەڵام یەکێ لەماددە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی دەستووری تونس ماددەی ٢٢ی تایبەت بەماف و ئازادییەکانە کە ئەشکەنجەدانانی قەدەغە کردووە. ئەگەرچی ئەم ماددەیە لەزۆر دەستووردا هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا لەوە دایە کە ماددەکە دەوڵەت بەقەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان پابەند دەکاو سەرباری ئەوەی کە ئەشکەنجەدانانی وەك «تاوان» ناو بردووە، تاوانەکەی بردۆتەوە ئەو ئاستەی کەتێپەڕبوونی رۆژگار کاری تێ ناکاو لەم سۆنگەیەوە ئەشکەنجەدان بۆتە تاوانێك کەهیچ لێبوردنێك نایگرێتەوە.

لەدوو ماددەی تردا کەبریتین لەماددەکانی ٣٩و ٤٥ مەدەنیبوونی دەوڵەت بە رۆشنترین شێوە دەردەکەوێ، ئەویش بەپابەندبوونی دەوڵەت بەدەستەبەرکردنی کار بۆ هاووڵاتییان و دابینکردنی هەلی یەکسان بۆ ژن و پیاو و قەدەغەکردنی توندوتیژیی دژ بە ژنان.

دەستوورەکە لەماددەی ٥٩دا رێزێکی تایبەت لەئۆپۆزیسیۆنی یاسایی دەگرێ و وەك «پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل «ناوی دێنێ و دان بەمافەکانیدا دەنێ. بەم ماددەیە دەستووری تونس بۆتە تاکە دەستووری جیهانی ئیسلام کەزۆر بە وردی ئەرك و مافەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەستنیشان دەکا. بۆ هەموو عەرەب و هەروەها بۆ ئێمەش وەك موسڵمان، دەستووری تونس مایەی سەرسامی بوو. لەم بارەیەوە سەمیر عەتاڵڵا لەرۆژنامەی «ئەلشەرق ئەلئەوسەت» نووسیویەتی «راستە هێشتا تونس نەبۆتە سویسرا.. بەڵام تونس بە بنەماکانی دایەلۆگ و یەکتری قبوڵ کردن ئەمجارەش عەرەبی سەرسام کرد».